


## ن: مادلین ئۆلبرایت

## وەرگێڕانی لەهۆڵەندییەوە
## شەفیقی حاجی خدر

**چاپی یەکەم**
**2009**



لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما
زنجیرەی(   )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی کتێب
ئیسماعیل کوردە_ ڕێبین رەسوڵ ئیسماعیل

ناوی کتێب:
نووسینو وەرگێڕانی: شەفیقی حاجی خدر
دیزاین: نما
تیراژ: 500
چاپی یەکەم: هەولێر2009

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نما پارێزراوە

# دیـــــــــــموكراسی عەرەبان!

لە تەموزی 1957دا جۆن ئێف كەنەدی John F. Kennedyكە ئەوكات تازە سیناتۆرێكی گەنجی ئامریكای نوێنەری ولایەتی ماسیوشێتس Massachusetts بوو رایگەیاند،كە ' گەورەترین هێزی سەرزەمین تا ئێمرۆشی لەگەڵدا بی نە كۆمۆنیزم، نە كاپیتالیزمو نە چەكی سێرەئەنگێوە بەڵكو جۆشو خرۆشی هەمیشەیی مرۆڤە بۆ ئازایو سەربەخۆ بوون'.

'گەورەترین دوژمنی هەوڵو تەقەللای بەدەستهێنانی سەربەستیش' وەك كەنەدی لەدرێژەی وتەكەیدا لەسەری رۆیشت ' ئێمە هەرچەندە دەستەواژەكە تێرێش نەكا، ناوی لێ دەنێین ئیمپریالیزم. ئەوەش ئەوەدەگەیەنێ كە ئێمە لەپێش خاڵێكی وەرچەرخان داین بەوەی رەفتاری هەنوكەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریكا بەو ئاراستەیەبێ كەوا لەگەڵ ئیمپریالزم دارِساوین، تاچەند خۆمان بۆ پەرۆشی خەڵك بۆ ئازادی تەرخان كردبێ، ئەوەندە راستو بەرجەستە دەبێ.' لەكاتی تۆپكەی شەرِی ساردداتێبینیەكانی كەنەدی بەلای كۆمۆنیزمدا نارِوا كەچی ئیمپریالیزم بە بایەخدارترین بەردی بناخەی سیاسەتی دەرەوەی ئامریكا دەناسێتەوە. لەوكاتە ئەو لێدوانەكەیدا كە هاوكات بوو لەگەڵ ئەوەی ئازادیخوازانی جەزائیری لە خەباتی سەربەخۆبوونیاندا



لەگەڵ فەرِەنسیەكاندا لەدەستەویەخەی ژیانو مەرگ دا بوون. فەرِەنسیەكان كاردانەوەی تورِەیان بەرامبەر ئەو تێبینیە ' سەرپێیانە' ی كاروبارەكانیان هەبوو. ئادلای ستەڤەنسن Adlai Stevenson پیتۆڵ (مام مۆتك)ی پارتی دێموكراتی ئامریكییەكان لەگەڵیدا هاورِا بوو وتارەكەی كەنەدی بە 'قێزەون'و مایەی' نانەوەی پاشاگەردانیو هەرەوها هەرِەشەكردن لە ناتۆNATOش وێنا كرد. بەڵام كاتەكە بۆ چەمكی سەربەخۆیی بوون گەیبوو لەدوادوایشدا جەزائیریەكان لە 1962دا پێیگەیشتن. لەو رۆژگارانەدا سەرۆك كەنەدی رژد بوو لەسەر ئەوەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئامریكا لێبرِاوانە لایەنی ئازادی بۆ تەواوی گەلە كۆلۆنیالكراوەكان لەجیهانی سێدا كە بەشێكی بەرچاویان موسڵمان بوو، هەڵبژێرێ. كاتێ كەنەدی بەپەرۆش بوو بۆ ئازادی مرۆڤ، مەبەستی بوو هانی نەتەوەكان بدا تا خۆیان لەدەست هەژمونی داگیركاری دەرەوە دەرباز بكەن. وەلێ سەربەخۆبون واتای ئەوە ناگەیەنێ كە كۆمەڵانی خەڵك لەدەست چەوساندنەوەی حكومەتەكەیان ئازاد بن. گەیشتنە ئەو ئاستەی ئازادی خۆی لەخۆیدا دارِسان (تەحەددا)ێكە بەدەگمەنیش وایە لە هی یەكەم سەختر بێ. لە نۆڤێمبەری 2003دا سەرۆك بوش ' ستراتیژی هەوڵبۆدراوی ئازادی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەرِاست' راگەیاند. لەكۆبونەوەیەكیدا لەگەڵ كۆمەڵە خەڵكێك كە بەبۆنەیساڵیادی بیستەمینی دەزگای نەتەوەیی بۆ دیمۆكراسی National Endowment for Democracy ئاهەنگیان دەگێرِا رایگەیاند ' نابێ گەیشتن بە سەقامگیری لەسەر حسابی ئازادییەكانەوە بێ. تا ئەوكاتەی لە رۆژهەڵاتی ناوەرِاستدا شوێنێك بمێنێ كە ئازادی تیایدا هەرِمێنی نەبێ، ئەوا شوینەكە چەق بەستوو دەبێ، مایەی

تۆڵەو توندوتیژی دەبێ ئامادەشە بۆ ناردنەدەرەوەی. بەگوێرەی بارودۆخی هەنوکەییش کە چەک بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوەو کە زیانی کوشندە دەگەیەننە وڵاتەکەمانو دۆستەکانمان، بێمشوریە کە پاڵ بە باری دیفاکتۆ بدەینەوە'. بەقەد ئەوەی کە بەبیرمدا بێو بۆ دێموکراسی تێکۆشاوم، بەو گوتەیەی سەرۆک خۆشحاڵ بووم لەگەڵ گریمانەکەشی کۆک بووم. زۆر لەو وڵاتە سەربەخۆ بووەکان چەوساندنەوەی دەرەکی کۆلۆنیالیانەیان بە جۆرەهای ستەمی ناوەخۆ گۆڕیەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەراست تاکە ناوچەیەکە سەرکردە حکومەتەکانیان( بەپێچەوانەی سەرۆک دەوڵەتەکان) هێشتا ڕچەی دەسەڵاتیان هەر بۆ خزمایەتی خوێن دەگەڕێتەوە. گەر سەرۆک بوش جدی بێو ڕاست بکا کارێک لەسەر ئەو نەریتە بکا، ئەوا دەبێ گۆران لە پەیوەیوەندیەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو حکومەتو گەلە عەڕەبیەکاندا بێنیتە گۆڕێ کەدەرهاوێشتەی دەیان ساڵ دەگرێتەوە.

بەرەوپێشبردنی دێموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەقسە ئاسانو بە کردار سەختە. نەخشە بنەڕەتیەکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ بە دیموکراتیزەکردنی جیهانی عەڕەبی لەگەڵ حکومەتە پەیوەندیدارەکانی ناوچە بۆ سەر روپەرەکانی رۆژنامەکان دزەی کرد، پاشان دیپلۆماسیەتی ساختەو لوتبەرزی و یەکدی تۆمەتبارکردن کەوتە گەڕ. لە دیسێمبەری 2004دا لە مەغریب(مەراکیش) لەلایەن حکومەتەکانی عەڕەبیو رۆژئاوایی کۆڕێک بۆ ئایندە سازدرا کە تیایدا گفتوگۆ لەسەر پێویستی گۆڕانەکانی بەرەو دێموکراسی کرا، کەچی لەوکاتەی کاربەدەستانی ئامریکا قسەیان لەسەر رێخۆشکردنی پێواژۆی سیاسیەکە دەکرد،



سەرکردە عەڕەبەکان هەر مکوڕبوون کە کۆتایی بەداگیرکردنی عێڕاق بهێندرێو چارەسەریەکیش بۆ کێشەی ئیسڕائیل– فەلەستین بدۆزرێتەوە. هەڵوێستی ئەوکاتو هەنوکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەر ئەوەیە کە تەنینەوەی توندڕەوی لە بێئومێدی سیاسیەوە بناوان دەگرێ، خەڵک بۆیە دەبێتە تیرۆریست چونکە لێیان ناگەڕێن بەشێوازیکی دیکە گۆڕانکاریەکان بەرجەستە بکرێن. کاربەدەستە عەڕەبەکان بەپێچەوانەوە پێیان وایە تیرۆریزم بەرهەمی ڕکو تورەییە لەهەمبەر کردەکانی ئامریکادا، نەوەک دەرچەی کردە نادێموکراتیەکانیان، ئەوسا کلیلی سەقامگیری بە گۆرانی سیاسەتی ئامریکاوە گرێدەدەن. ئەوەش هەر بەتەنها روانینی پاشاو شازادە عەڕەبەکان نیە. لە دیسێمبەری 2005دا لە دوبەی چاوم بە دەستەیەک لە کچە موسڵمانەکان کەوت، زۆریان لە تۆقەڵەی سەریانەوە تا پاژنەی پییان رەشپۆش بوون، ئەو هەڵوێستانەی سەرویان هێنایە پێشەوە کەچی خۆشیان بە فێمینیست دەزانی. ئەوکات سەرنجم لەسەر ئەوەدا کە رەوشی ئاوارتەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دژوارە، ژنێک لەبەرامبەرم قیت بووەوەو گوتی: 'ناوچەکە دژوار نەبوو تا وڵاتە یەکگرتووەکان دژواریان نەکرد'. لە هەرێمیک کە نوقمی تیۆریەکانی پیلانگێڕیە، بڕوانەبوونێکی بەرفراوان بە مەبەستەکانی حکومەتی بوش هەیە. بیرۆکەی پشتگرتنی ئامریکا بۆ دێموکراسی ناوچەکە چونکە ئامریکا خوازیاری باشترین شتە بۆ وڵاتە عەڕەبەکان، باوەشێکی وای بۆناکرێتەوە. هەردولایان یەکدی بەڕاست بەهەڵی گۆڕینی مژارەکان تۆمەتبار دەکەن. کاربەدەستە ئامریکاییەکان پێیان خۆشترە لەسەر پێویستی چاکسازی لەسیستمی حکومەتەوە قسە بکەن لەوەی لەباری ناهەمواری فەلەستینییەکان، سەرکردە

عەرەبەکانیش ئامادەن لەسەر هەمو شتێک قسەبکەن، بەڵام باس نەگاتە سەر دێموکراسی.

ڕەفتاری سەرۆک باش بوو لەوەی هەوڵی دا ئەو سەرنجە بەلاوەبنێ کە دەیەوێ ئاشتی لەسەرجەم جیهاندا بێجگە لە وڵاتانی عەرەب بەرقەرار بێ، هەروەها نەوەک هەوڵەکانی بۆ ئەو وڵاتانە لە دوایی دوایانەوە بێ ئەوەش کرۆکی راستی تێدا بوو. بەدەیان ساڵ هۆکاری بەجێ چ بۆ حکومەتی کۆماریەکان یان دیموکراتەکان هەبوو، بۆ گرتنەبەری ڕێکارێکی نەرموشل لەگەڵ سەرکردە عارەبە ئاوتۆکرات(خونکار)ەکان. حکومەتی وڵاتەکانی وەک عەرەبستانی سعودیو میسر کەلەڕوی ستراتیژەوە چارەنوسسازن بایەخی زۆریان بە سەقامگیرێتی داوە، ئامریکاش بەهەمان شێوە. عەرەبەکان نەوت بەرهەم دێنن، بەکاربەرە ئامریکاییەکانیش دەیانەوێ هەیانبێ. عەرەبەکان دەیانەوێ دەستیان بە وردەکاری تاکنەلۆژیادا رابگا، کۆمپانیا ئامریکاییەکانیش ئامادەن بیاندەنێ. لەسەردەمی شەڕی سارداو دژی یەکێتی شۆرەوی ئامریکا پێویستی بەپشتگیری عەرەبەکان هەبوو. نۆهەدەکان حکومەتی بیل کلنتن تەقەللای ئەوەبوو پشتگیری عەرەبەکان بۆ پێواژۆی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەست بێنێ. هەرچەندە تێبینی ئەوە لەهەندێ لە حکومەتە عەرەبیەکان دەکرا کە جێگرەوەی(ئالتەرناتیڤی) لەپێشتریان هەبێ. بەڵام هەرچۆنێک بێ ئێمە سەرقاڵی ڕەوشی سەددام حوسێن لە عێراق، موعەممەر قەزافی لە لیبیاو ڕژێمی تیۆکراتی(ئاخوندی) لەئێران بووین. هەرچەندە زۆر لەو هەڵسەنگاندنە کردەییانە هێشتا لەگەمەی ئێستاماندا بەرەو ڕوبەڕوبوونەیەکی دیکە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. یەکێ لە



بەڵگەوبەندە گرنگەکانی ئەلقاعیدە ئەوەبوو کە حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان سەرتاپای گەندەڵ، ناڕەوا، چەوسێنەرو کافرن. تاکە شێواز بۆ لەبنەوە ریشەکێشکردنی رەخنەکە ئەوەیە ڕێز لە نموونەیی بوونی خۆمان بگرینو پشتگیری چاکسازی دێموکراسی لەهەر وڵاتیکدا بکەین کە کەموکورتی لە ئازادیەکاندا هەیە. ئەوەش هیچ پەیوەندی بەو هەوڵو تەقەلایەوەمانەوە نیە کە سیستمی خۆمان بەسەر گەلانێکدا بسەپێنین کە نایانەوێ. ئیسلام ئەوەی فێری هەوادارانی خۆی کردوە کەباشترین شتی ژیارییەکانی دیکە وەربگرن، دێموکراسیش باشترین شتی شارستانێتی ڕۆژئاوایە کە پێشکەشی بکا. لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە گەلانی عەرەبو موسڵمان بەشێوەیەکی گشتی ڕوانینێکی ئەرێیانەیان لەبەرامبەر چەمکەکانی وەک ئازادی ڕادەربڕین، سیستمی فرەلایەنیو یەکسانی لەبەردەم قانوندا هەیە. زۆریان پێیان وایە بۆ سەرکردەیەک وا باشترە دێموکرات بێ لەوەی هێزدار. بۆیە لەوانەیە دیموکراسی لێرەو لەوێ بباتەوە. میرنشینێکی زۆر بچکۆڵەی وەک قەتەر دەستورێکی نوێی داناوە کەتیایدا ئازادی دیین، ڕۆژنامەگەریو مافەکانی مرۆڤی لەبەرچاو گرتووە. پەرلەمانی کوێتیش دوای ئەوەی بەچەندان ساڵ پێشنیازەکەی ڕەتدەکردەوە لە دواییدا مافی دەنگدانی بۆ ژنان فەراهەم کرد. لە 2003شدا هەڵبژاردن لە ئوردنو یەمەن سازدرا هەرچەندە تێبینی لەسەر هەبوو بەڵام بەهەر حاڵ بەشیکی لە نێوان بەربژارە جۆربەجۆرەکان تارادەیەک سەربەستانە بەڕێوەچوو. دەسەڵاتی فەلەستینیش هەڵبژاردنی چ بۆ سەرۆکایەتیو چ بۆ پەرلەمان ئەنجام دا. زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان هەنوکە بەشێوەیەک لەشێوەکان نوێنەرایتیان بۆ دەسەڵاتی قانوندانان یان ڕاوێژکاری هەیە، هەرچەندە زۆر جاران

ئەو ئۆرگانە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی پێنەدراوە. بەدڵنیاییەوە لەهەمو هەرێمەکەدا هەستێک بۆ بەلاوەنانی کۆنو گۆڕانکاری بەرێوەیە، هەرچەندە بەرونیش پێناسە نەکراوە بەڵام گرنگ شتێکی نوێیە.

حکومەتی بوش هیوای وابوو رژێمێکی دێموکراسی لەعێراق بەرپا ببێو وڵاتە عەڕەبییەکانی دیکەش چاوی لێبکەن. رەنگبێ رۆژێک دابی هەروا بکەن. بەڵام بەگوێرەی سیناریۆی ئێستاو توندوتیژی سەر گۆڕەپان رەنگبێ هێشتا زۆری بەبەرەوەمابێ تا زۆرینەی عەرەبەکان تەماشای عێڕاق بکەن لەگەڵ خۆیاندا بیر بکەنەوە: ئەزیش دەمەوێ وڵاتەکەم وەک عێڕاقی لێبێ. کەواتە تائێستا مۆدێلیکی تەواوی متمانەداری دیموکراسی عەڕەبەکان لەناوچەکەدا نیە. (میسر لە نێوان هەردو جەنگە جیهانیەکەدا سیستمی فرە لایەنی برەوپێدا بوو، بەڵام ئەوەش لەگەڵ دەسەڵات وەرگرتنی لەشکر لە 1952دا پێچرایەوەو لەبەین چوو). لە 1992دا فەهدی شای عەڕەبستانی سعودیە رایگەیاند ' سیستمی هەڵبژاردن لەنێو بیروباوەڕی ئیسلامەتیماندا جێگایەکی نیە، ئەو داوای بەڕێوبەرایەتیەک دەکا کە ئامۆژگاری وراوێژ بکاو شوانێکی دەوێ کە بۆ پێویستیەکانی ڕانەکەی لەسەر پێبێ'. ئەوبەڵگەوبەندە گوایە دێموکراسی نائیسلامیە، پر بەبالآی شەقامەکانی شانیشینیە عەڕەبییەکانە، لێ تای تەرازوەکەی زۆر سوکە. دابونەریتی عەڕەبەکان بۆ راوێژ وەک فەهد باسی کردووە ، بەئاسانی دەکرێ سەرەتاکانی دێموکراسی پێکبهێنی گەر هاتو خواستی لە پشت ئامادەبێ. هەرچۆنێک بێ ئەوە ئاشکراو رونە کەموسڵمانێتی لەدەرەوەی نیمچە دورگەی عەڕەب، هەرگیز کۆسپ نەبووە لەبەردەم سەربەستییە سیاسییەکان؛ نیوەی هەمو موسڵمانەکان لەسایەی



حکومەتێکی بەدێموکراسی هەڵبژێردراودا دەژین وەک وڵاتەکانی ئەندەنوسیا، هیندستان، بەنگلادیش، مالیزیاو تورکیا.

کەواتە ئیسلام تەگەرەنیە لەبەردەم ئازادی، بەڵام ئایینەکە بەکردەوە رۆڵی خۆی لە لەبەرەوپێشبردنی گۆڕانە دێموکراسیەکاندا هەیە. لەو وڵاتانەی ئیسلام تیایدا بەخۆپارێزی راڤە دەکرێ، ئەو سەرچڵیە هەیە کە دێموکراسی–بەتایبەتیش ئەوەی لە وڵاتە یەکگگرتووەکانی ئامریکاوە هان دەدرێ– گەرهاتو لەگەڵ ئیسلامدا تەریب بڕوا باوەشی بۆنەکرێتەوە، چونکە مەترسی ئەوەی لێدەکرێ دێموکراسیەکە جێگای دینەکە بگرێتەوە. نارۆشنی واتای دەقاودەقی هەندێ پەیڤ گرفتەکە هێشتا گەورەتر دەکا. هەندێ موسڵمان وەک کەسانێکی دیاریکراو لە کریستیانو جولەکەکان مەیلیان بۆ ئەوە دەچێ کە (دەستە)واژەی جیهانیبوون(جیهانگیری) بە هاوواتای 'بێخوایی' لێک بدەنەوەو ئەوەشیان بۆ قوت نادرێ کە دیندار بێ کەچی بۆنەگەلێکی دەوڵەتیانەشت هەبێ بێ ئەوەی بەشێوەیەکی فیزیکیانە ئاماژەبە ئایین بکرێ. پسپۆڕێک دەنوسێ: 'سێکیولار(عەلمانی) بوون هەمیشە واتای ئەوە دەدا{...} کەنەوەک هەر باوەڕی ئاینیی بەتەواوی بەلاوە بنرێ بەڵکو مۆرالو شۆپو رێسا پەیوەندارەکانیشی کە زەمینەسازی ژینگەی موسڵمانان لەگەڵیدا راپێچ بکرێ'. ئەوجۆرە کورتکردنەوانە بێگومان هێزی خۆیان لە ئەزمونی موسڵمانەکەناوە لەژێر قەڵەمڕەوێتی سەرکردە سیکۆلاریزمەکانی وەک ناسر لە میسرو شاش لەئێراندا وەرگرتبوو. ئەوەو پرسگەلێکی دیکەش بۆ هەندێ لە موسڵمانان دەبنە مایەی ئەو گریمانەیە کەوا دێموکراسی بەئەنقەست بەمەبەستی لاوازکردنی ئیسلام برەوی پێدەدرێ. لایەنگرانی چاکەخوازی دەکرێ ئەوە بەلاوە

بنێنو روونی بکەنەوە کە پشتگرتنی دیموکراسی بۆ ئەوە نیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەرەوەی هی یەزدان دابنرێ. بەڵکو بەپێچەوانەوە، واتای ئەوەیە کە مافی ئەوە لە ستەمکارەکان بسەنرێتەوە کە رۆڵی خوا دەبینن. دیموکراسی مافی دەنگدان دەداتە هەمو هاوڵاتییەک، نەوەک تەنێ یەک دوو زیدە ماف. بەخۆم گوێم لەسەرکردەیەکی موسڵمانی نێجیرییەک بوو کەدەیگوت ئیسلام نمونەیەکی باوەڕی دیموکراسیە، بەتەواوی لەبەر ئەو هۆیە کە هەموان لەبەردەم یەزدان یەکسانین.

هەندێ لە رەخنەگرەگان پێیان وایە بەرژەوەندییە ئایینیەکان زیاد لەپێویست هەڵسەنگێندراون ئەگینا تاکە هۆکاری گرنگ کێشە ئابوریەکانە، گەرهاتو عەڕەبەکان هێنرانە سەر ئەوبڕوایە کە سیستمی دیموکراسی خۆشگوزەرانیان دەکا، ئەوا هەر ئەوە دەخوێندرێتەوەو دەیخوا. ئەوەش کۆپلەیەکی فیلمی The Graduateم بەبیر دێنێتەوە کاتێ Dustin Hoffmans ی پاڵەوان دڵنیا دەکرێتەوە کە کلیلی بەختی بۆ پاشەرۆژ لە کارنامەی پیشەسازی ماددە دەسکردەکاندایە. خۆرئاواییەکان بیرکردنەوەیەکی سەیریان هەیە پێیان وایە هەمو کەسێک حەز دەکا بە شێوازی رۆژئاواییانەیان بژی. بەگوێرەی ئەو بیرکردنەوەیەش عەڕەبو موسڵمانەکانی دیکەیان پێ قین لەدڵن چونکە ئێرەیی بە دەوڵەمەندیو شێوازی ژیانیان دەبەن. کەچی پێچەوانەی ئەگەرەکان هەڵناسەنگێندرێ: بەتایبەتیش لای هەندێ عەڕەبان کەپێیان وایە رۆژئاواییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن قسە لەسەر رواڵەتو شێوەژیانی داڕماوی خۆیان بکەن کە تاهەتایە بەرنەفرەتیان دەخا. بەرژەوەندییە مادییەکان رۆڵی خۆیان هەیە. بەڵام مێژو فێری کردویین کە بیرۆکە



رەگو رێشە قوڵ رۆیشتووەکان، هەرچەندە ئەمڕۆ تیشکیان خرابێتە سەر یان لەجێی خۆیاندا نەبن، هێشتا رۆلێکی گرنگ وازی دەکەن. هەر وەک زانایەکی موسڵمان دەنوسێ' گەربێتو لە موسڵمانێک بپرسی ئایا ئازادیت دەوێ، بێ سێو دو پێت دەڵی بەڵێ'. لێ بەشێکی زۆر لە موسڵمانان ئەوەی دەخەنە سەر کە ئازادی ئەو واتایە نابێ بگەیەنێ کە : لە خواو دینییان ئازاد بن؛ ئەوان هەمو ئازادییەک لەئامێز دەگرن تا ئەوکاتەی ئۆلو رەنگدانەوەی بەسەر شێوازی ژیانیان لێنەستێنیتەوە'. تەوژمێکی دیکە هەیە کە داخوازە چاکەسازی دیموکراسیانە– لایەنی ئابوریو سیاسیانە– بەیەکەوە بەگەڕ بخرێن. بەگوێرەی ئەو بیردۆزەش تا هەنوکە عەرەبەکان بۆ دیموکراسی ساز نین. سەرەتا دەبێ باشتر رابهێندرێن، خۆشگوزەرانتر بن. بەواتایەکی دیکە پێویستە سەرەتا ئەوان بەرۆژئاوایی بوون بکرێن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ناجۆرە. سەرەڕای ئەوەش بیرۆکەکە ئەو راستیەی بەهەند هەڵنەگرتوە کە ئابوریو چاکسازی دیموکراسیانە یەکدی بەهێزتر دەکەن. سیستمێکی ئاتۆریتانە(خونکارانە) پێشکەوتنەکان بەربەست دەکا، کەچی دیموکراسی رێگاکەی خۆش دەکا. هەندێ لە سەرکردە عەڕەبەکان هەستیان زیاتر بەرەو ئەوە راکشاوە کەسەرەتا چاکسازی ئابوریانە بکەن، بەو هیوایەی گۆرانکاریە سیاسیەکان تا دوا ئەنجامی کۆتایی بوەخرێنن.

هەر لەوکاتەی حوسنی موبارەک لە 1981 هاتۆتە سەرتەخت بیچمێکی متمانەبەخشی نێو دەوڵەتی بووەو هەڵوێستی نەرمڕەوانەی لەسەر گۆرەپانی سیاسی نواندووەو پشتگیرییەکی لێبراوانەشی بۆ پیواژۆی ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەربڕیوە.

هەروەها ئەو سیاسەتمەدارێکی لێهاتووەو چەندان گۆرانکاری ئابوریانەی ئەنجام داوە. بەڵام ئەو بەڕاستی کابرایەکی دێموکرات نیە. نزیکەی چارەکە سەدەیەکە فەرمانڕەوایەو توانیویەتی هەمو دەنگە نارەزاییەکان بەهۆی درێژەپێدانی رەوشی ئاوارتەی وڵاتەکەی تا هەنوکە کپ بکاتەوە. هەر میسریەک لە پرسێکی گرنگدا نەیاری بێ، روبەڕوی مەترسی گرتنو زیندانیو تەنانەت ئازاروئەشکەنجەو تا کوشتنیش دەبێتەوە. بەقسەی موبارەک گوایە ئەو توند جوڵانەوە پێویستە و تائیستاش بەشێوەیەکی گشتی کاری خۆی کردووە: لەو چەند ساڵانەی رابردوودا روداوگەلێکی کەمی تیرۆرستی لەسەر خاکی میسر ئەنجام دراون. سەرەک بوش رادەگەیەنی' سەربەستی چارەسەری تیرۆریزمە' و سەرهەڵدانی ئەلقاعیدەش رژێمە عەرەبییەکان ناچاری رۆیشتن بەرەو ئاراستەی دیموکراسی دەکا. سەرەک وەزیرانی میسر هەر کەمێک دوای 11ی سیپتێمبەر تەواو پێچەوانەکەی راگەیاند بەوەی تیرۆرزم پاڵ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەرو ئاراستەی میسرەوە دەنێ. 'وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو شانشینی یەکگرتوو لەڕابردوودا ئێمەیان وەک هەر چۆن رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی دیکەیان داواکردووە کە مافەکانی مرۆڤ بە تیرۆریستەکان رەوا ببینین. تۆ دەتوانی تەوای مافەکانی مرۆڤیان بدەیتێ تا دەتکوژن. ئەنجا دوای قەومانە ناخۆشەکەی نیۆرکو ڤێرجینیا رەنگبێ وڵاتە رۆژئاواییەکان بەخۆیاندا بچنەوەو نمونەی ئێمە لە دژایەتی تیرۆریزم بە پیشەنگ وەربگرن'. سەرەک بوش داوای لەمیسر کردووە کە ' بەرەو دێموکراسی عەرەبان 'رێگا ئاوەڵا کەن'. موبارەکیش بە رێگەدان بە بەربژارە نەیارەکانی لە هەڵبژاردنی سیپتێمبەری 2005دا بەرسڤ دایەوە. دەرهاوێشتەکەی ئەو شێوازە هاشوهوشی دیموکراسیە پەڕاوێزیەکەی وڵاتەکاندا



هەبوو: هەڵبژاردنی سەرەکایەتی بەرواڵەتو ناو پیواژۆیەکی دێموکراسیانە، بەڵام بەبێ ناوەڕۆک. هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بەبێتامی کورت بوو تەنها نۆ رۆژی خایاند. پارتی حکومەت زۆرینەی میدیای هەبوو لەگەڵ پارەی هەرە زۆری هەڵبژاردن. بەربژارەکانی دیکە دەبوایە کۆمەڵێ پێوەریان تێدا بوایە کەڕێی لەهەر دژبەرایەتیەکی موبارەک دەگرت؛ ئەو بەپێشبینیش بوایە بەتۆبزیش دەیبردەوە. هەرچەندە نمایشی هەڵبژاردنەکە ئاسودەبەخشانە نەبوو بەڵام لەلایەنی ئومیدبەخشیش بەدور نەبوو. بۆیەکەم جار بوو لە مێژوویەکی دورودرێژدا میسریەکان ببینن کە سەرکردەکەیان لە کۆبونەوەکانی هەڵبژاردندا داوای پشتگیریو دەنگیان لێبکا. دەنگدەرانیش ئەو ئەزمونەیان پەیدا کرد کە فۆرمیکی پتر لەیەک بەربژار پڕبکەنەوە. ئاپۆرەی خەڵکی لە ناکاو توانیان دروشمی دژ بە میریی بڵینەوە بێ ئەوەی تێک بەرببن، هەرچەندە ئاوهاش رویدا بەڵام بەبەردەوامی نا.

گەلی میسری خاوەنی ئاستێکی بەرزو شیاوی فێربونو پێشکەوتنەکانە کە بتوانێ پاڵپشتی حزبگەلێک بکا. بەڵام گەر هەڵبژاردنێکی کراوەو راستەقینە بکرێ ئەوا تەوژمی نەیاری بەهێز کە برایانی موسڵمان(اخوان المسملین) کە گروپێکی ئیسلامیەو لە 1928دا دامەزراوبووە روبەروی پارتی حکومەت دەبێتەوە. لەساڵانی رابردو ئیخوان موسلیمین باوەشی بۆ توندوتیژیو کردبووەوە، بێژمار شانە نوستوەکانیان دروست کردنو بە هەمو وڵاتانی جیهانی عەرەبدا بڵاو بوونەوە. کرۆکی بنەما سەرەکیەکەی رێکخراوەکە ئەوەیە موسڵمانێتی سوننەمەزەب چارەسەری هەمو گرفتەکانە، ئەوەش بەگەڕانەوە بۆ باوەڕە پاکو بێگەردەکەوە، پاکردنەوەی

هەمو نارەوایەتیەکانی کۆمەڵ لەگوناحەکان دادپەروری لەگەڵ خۆی دێنێ. لە میسرو لەو ساڵانەی دواییدا گروپەکە بەرەو بەکارهێنانی زمانی دیموکراتی رۆیشتووەو خۆی لە جیهانبینی نزیک دەکاتەوە؛ روانینی پارتی چاکەخوازانە بۆ کۆمەڵگە دەسەلمێنێ. هەرچەندە رێکخراوەکە بەفەرمی قەدەخەکراوە، بەڵام کارانگازیە کۆمەڵایەتیانەکەی لەبەرچاوەو ئەندامەکانی کەبە بەربژاری سەربەخۆ ناوەزەد دەکرێن دەنگی زۆریان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی سێپتێمبەری 2005دا بەدەست هێنا. گەر هاتو دەرفەتیان بدرێ ئەوا دەبنە پارتێکی ئیسلامی میانڕەو بەشێوازی هاتنەسەر کاری حزبی ئیسلامیانە لە تورکیا، ئەندەنوسیا، بۆسنیاهرزەگۆڤیناو هەنوکەش لە عێراق. بەڵام سیناریۆی کەمتر رەنگیناوی هەر بە ریالیتیکیانە دەمێننەوە. حکومەتی میسری لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی سورە بەوەی گوایە ئیخوانولموسلمین خۆیان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ئامادە دەکەنو هەرلەبەر ئەوەشە کە رێگای ئەوەنادەن کە رێکخراوەکە بە شێوازی ناتوندوتیژی بێتە سەر تەخت. هەنوکە لۆژیکی خۆپارێزی ئاوا دەڕوا.

بێگومان موبارەک ئەوەبو کەبارێکی وا گونجاو لەوڵاتەکەی بسازێنی تاکو بەجۆرێک بێ کە ئەو ئاستە نزمەی دیموکراسی واڕابگرێ کەکار نەکاتە سەر ئەوەی دەسەڵاتدارێتی پارتەکەی خۆی بکەوێتە بەر گەف. بەڵام هەرکاتێ گەل بەئاگاهاتو خۆی راتەکاند ئەوا رامکردنی بارودۆخ ئەستەم دەبێ. پێشبینی ئەوە دەکرێ گەر هاتو میسریەکان بەدوای جێگرەوەیەکی سیستمی تاکحزبیانەی ئێستایاندا بگەڕێن، ئەوا دەبێ لە نێوان هەنوکەو ساڵی 2011دا هێزی جۆشدان پەیدا بکەن. موبارەکیش بۆ بەمەبەستی زیاترکردنی گوشار بۆ کەمکردنەوەی داخوازی گۆرانکارییەکان، سیناریۆی



ئەگەرەکانی گۆڕانی ئاینده بەبەرچاوی ئامریکایەکاندا دادەدا. هەنوکە کەرتی غەززە چیدی لەژێر سەرپەرشتی ئیسرائیلیەکاندا نیەو بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوینیش کەمتر گرژە، ئیدی ئەو دەتوانێ جۆرەها بۆنەی وا رێکبخا کە مەزنێتی کاریگەری ئەو لەسەر فەلەستینیەکان دەربخاو رۆڵبیبینی وەک دەوڵەتمەدارێکی هۆشمەند نیشان بدا. 34 سیو چوار ساڵی رەبەق دوای ئەوەی جۆن کەنەدی لەمەڕ سەربەخۆیی جەزائیر دوانی دا، لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی نیشتمانیانە لەوڵات راگەیەنرا کەزیاتر لەیەک لایەن بەشداری تێداکرد. ئەوەش لەساڵی 1991 بوو کە حزبی ئیسلامی بردیەوە. سیاسەتداڕێژەرە رۆژئاوایەکان خەمیان لەوە دەخوارد کە پارتە ئیسلامیەکە هەرچەندە بەرێگای دیموکراسیەوە هاتۆتە سەر کورسی دەسەلات، بەڵام دەترسان ئەرکە دیموکراسیەکان بەجێ نەگەیەنێو وەک رێگەدان بە ئۆپۆزسیۆنێکی قانونیانە، رۆژنامەگەری ئازادو سیستمێکی دادوەری سەربەخۆ. کاتێکیش سوپا دەستی بەسەر بارەکەداگرتو هەڵبژارنەکانی بەمایەپوچ راگەیاند، یەکەمین حکومەتی بوش هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا. جێمس بێکەری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکات لەوبارەیەوە گوتی: " کاتێک من لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە بوم، سیاسەتمان دابڕاندنی رادیکالە فوندەمەنتالەکانی جەزائیر بوو، هەرچەندە ئەوەشمان دەزانی کە ئەمە نەیارییە دەرباری کۆمەکردن بە دیموکراسی. هەڵبەتە بەگشتی وایە گەر تۆ لایەنگری دیموکراسی بی، دەبێ ئەوەی دیموکراسیەکە دەیداتەوە بپەژرێنی. گەر ئەوان حوکمێکی رادیکالی فەندەمەنتالیی بەرهەمهێنا، وا چاوەڕواندەکرێ کەلەگەڵیدا هەڵبکەی. ئێمە نەماندەویست لەگەڵیدا بژین، چونکە لەوبڕوایە بووین کە هەڵوێستەکانی رادیکالەکان تەواو لەگەڵ بڕوای ئێمەدا نەیار بوو، هەروەها دژی بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش بوو."

مێژوش لەمێژە فێری کردوین کە هەموو هەڵبژاردنێک لەلایەن کەسانی دێموکراتخوازەوە نەبردراوەتەوە. لەبەشی زۆری کۆمەڵگا عەڕەبییەکاندا دین کرۆکی زۆرینەی دەستەو کۆمەڵە سەرهەڵداوەکانی جڤاکەکەیە. گەرهاتو سبەی دێموکراسی برەو پەیدا بکا ئەوا دەرچەی هەڵبژاردنەکان زیاتر لەلایەن سەرکردە ئیسلامییەکانەوە دیاردەکرێ نەوەک دەستە بچوکە ئەکادیمییەکان، بزنسمانەکان یان پیشوانەکان کە بەگەرمی داوای چاکەخوازی دێموکراسیانە دەکەن. بەدڵنیایەکی زۆریشەوە ئەوەی سەرو لەسەر دەسەڵاتی فەلەستینیەکانو عێڕاق پەیڕەودەبێ.

لە ساڵی 1995دا من هاوکاری سەرۆکی لیژنەیەکی وۆرکشۆپێک بووم کە لە دیموکراتو کۆمارییەکان پێک هاتبوو، تابەت بوو بە باسکردنو تاوتوێکردنی دێموکراسیی عەڕەبان کە لیژنەی پەیوەندیە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی کاروباری دەرەکی. هاوکارە سەرۆکەکەم کە رێزدار ڤین ویبەر Vin Weber ی ئەندامی کۆنگرێس بوو. دەستەی کارەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی گەر هاتوو عەڕەبەکان داواکانیان ئازادانەو ئاشتیانە دەرببڕن، ئەوا کەمتر بەرە رێکارە توندرۆییەکان دەڕۆن و پیشتریش مەیلیان بەرەو جڤاتێکی کراوەو خۆشگوزەرابن دەچوو. لەوەشدا هەم ئەوانو هەم ئێمەش تیایدا سودمەند دەبین. بەڵام ئێمە لەداخوازی و هەروەها پڕوپاگەندەکردنی دامەزراوە دێموکراسیەکان نابێ هەرگیز ئەوەش لەبیر بکرێ کە گۆرانکاری لە هیکەوەی پێویست خوازراو نین. هەوڵی ئێمە پێویستە بەو ئاراستەیە بێ کە دێموکراسی لەڕێ گەشەپێدانەوە برەوی پێبدرێ نەوەک بەشۆڕش. ئەو خۆلەیەکنزیککرنە بەپارێزییە دوور نەبوو لە ڕای یەکێ لەئەندامانی لیژنەکە کەخوازیاری ئەوەبوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پێویست نیە خۆی لەکاروباری هەڵبژاردنەکانی جیهانی عەڕەبی هەڵبقورتێنێ. ' تەنانەت نەرمڕۆترینو ئاشتیخوازانەترین پارتی



عەڕەبی' وەک ئەندامەکە ناوی دەبرد " لەگەڵ ئامانجەکانی ئامریکا دەربارەی کێشەی عەڕەبی –ئیسڕائیلی ناکۆکن و ئامادەش نین ئەو شێوازە دەسترۆیشتووەی ئامریکا لە هەرێمەکە بپەژرێنن". ئەو لێکدانەوە ریالیستیە سیاسیانەیە لای من پاشڤەڕۆییە. بڕواهێنان بەوەی کە ئامریکا کارانگازێتی خۆی لەسەر وڵاتە موسڵمانەکان بەبێ پشتگرتنی هەڵبژاردنێکی راستەقینەو ئازادانە بهێڵێتەوە هەر وەک ئەو بڕواهێنانە وایە کە ئامریکا دەتوانی بەرەنگاری تیرۆرزم ببێتەوەو بەسەریدا زاڵ بێ لەڕێی هەڵسوکەتی ئێمە کە بەپێی پێشبینی سەرکردە تیرۆرستیەکان بێ. ئەوەش زۆرانبازیەکە لەسەر زەمینەیەک کەلەژێر پێماندا رۆدەچی، ئەوەش ستراتیژیەکە کە برنەوەی ژێربێژیانە نییە.

هەندێ لە لێکدەرەوەکان نیگەرانن بەوەی بزوتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکان ئەو دەرفەتەیان دەبێ باکوری ئافریکا لەڕێی رۆژهەڵاتی ناوین و کەنداوەوە تا باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بخەنە بن رکێفی خۆیان. دەرهاوێشتەکەشی پارزەمینێکی ترسناک دەردەچێ کەلێوانلێو دەبێ لە رکوکینە دژی ئیسڕائیل، نەیار بەرامبەر ئامریکا و بەرەنگاری لە هەمبەر گوشاری دەرەکی لە روی تیرۆریزمو بەرهەمهێنانی چەکی ناوەکیی. هەرچەندە ئەو ریسکە بەدێموکراسیەکەوە گرێدراوە بەڵام لێبڕاوانە ئەو شتە رونادا. بێگومان ئیسلام باشتر ئەو وڵاتانە یەکدەخا لەوەی کە کۆمۆنیزم لەڕابردودا کردی، بەڵام هیچ کامێکیان لەو بزوتنەوانە هەر بەتەنها خۆیان ناتوان بەسەر ئەو جیاوازییە زۆروزەوەندەی کلتورو ریچکە دینیەکانی نێو یەک ئۆل بازبداو بەیەک بگەیەنێ. بەڵگەوبەندی موبارەکو هاودەنگە سەرکردە عەڕەبەکانی ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکان ئەوانی لەهەناوی ئیسلامەوە دەردەچن هەر هەمویان نادێموکراسینو حەزیان لەتوندو تیژیە. هەر ئەوەش دەراوی هەڵوێستەکانی ئامریکا بوو بەتایبەتیش دوای هەڵبژاردنی

جەزائیری 1991. ئەو هەڵوێستە هی ئەوە نیە بە چاوتروکانێک بەلاوەبنرێ. ئێمە پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەڵبژاردنی ئازاد رژێمی میلیتاری لەهەندێک وڵاتان دەردەچوێنی. بەڵام ئەو گریمانەیە نابێ بەهەند هەڵبگیرێ و دەسەڵات لەو پارتانە بسەنرێتەوە کە جەماوەرێکی زۆریان لەرێی هەڵبژاردنەوە بەدەست هێناوە بەوە ئەو گریمانەیەی کە هەندێکیان دوای دەرچونیان هەڵسوکەوتی دیکەیان دەبێ. ئەو سەرنجدانە ئاسانە بەوەی بگوترێ هەر کەسێ لەگەڵ سیاسەتەکەتدا نەگونجێ بە تیرۆرستی تۆمەتبار بکەی. ئەو پیشکات مۆرلێدانە پێشبینی دیکە لەگەڵ خۆیداندێنێتە گۆڕێ: زۆرجاران بەدواداچوونی ئەو پرسەیە هۆکاری توندوتیژیە لەوەی چارەسەری بێ. گەر ئێمە بمانەوێ رەگورێشەی دێموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناویندا رۆبچێ، ناکرێ چیدیکە هەر ئاوا پشتیوانی پارتە ئیسلامییەکان بکەین. بەپێی رۆژگار زۆر لە پارتە قانونیەکان لەدەرەوەی قانون دروست بوون، تەنانەت هەندێ لەو بزوتنەوانەی لەڕابردودا پشتیوانی تیرۆر بوون، دەکرێ کۆمەکیان بکرێو وازیان لەرەوتی تیرۆریزم هیناوەو رەگەڵ رەوتی نوێ کەوتوون. ئەوانەی بە ئیسلامێتیەوە نیگەرانن، دەبێ ئەوە بزانن کەدەبێ کەمتر خۆیان بەو هەوڵوتەقەلایانەوە خەریک بکەن کە ئەو جۆرە حزبانە قەدەخە بکەنو کەمتر وزەی خۆیان لەداڕسانو کێبەرکێی ئەوان لە سندوقەکانی دەنگداندا خەرج بکەن. ئۆرهان پاموک نوسەری تورک لە رۆمانەکەی "بەفر"دا بەوشێوەیە باسی سەرکەوتنی شێوازەکە دەکا: "ئەوەی دەربارەی ئەو ئیسلامیانەیە، ئەوان دەستە دەستە ئەم ماڵ بۆ ئەوماڵ دەکەنو سەردانیان دەکەن، ئەوان قاپوقاچاخ و ئەو ئامێرانەیان بە دیاری بۆ دەبەن کە سێو پرتەقالیان پێ بگوشن، سابونو تایتیشیان بۆ دەبەن. ئەوان گرنگی خۆیان بە گەڕەکە هەژارنشینەکان دەدەن، ئەوان هەوڵدەدەن ژنەکان رازی بکەن، ئەوان داودەرزیان بەدەزویی زێڕین شتی وا دەدرونو بەسەرشانی منداڵانیان



دادەدەن تا لە دەردوبەڵایان دور بخەنەوە. ئەوان دەبێژن: دەنگ بدەرە پارتی دادو گەشەپێدان، پارتەکەی خودا، ئێمە بۆیە کەوتوینەتە ئەو بارودۆخە نەگبەتیەوە چونکە لەرێێ خودا لامان داوەو. ئەوان دەزانن چۆن متمانەی بێکارو نەدارەکان بەدەست بهێنن، ئەوان دەچنە لای ئەو ژنانەی کەنازانن ژەمی داهاتویان چی دەبێ، ئەوان هیوایان پێدەبەخشن، بەڵێنی دیاریان پێدەدەن. ئەوەش هەر بەتەنها پەیوەندی بە چینی هەرە ژێرەوە نییە. تەنانەت ئەو کەسانەی کەکاریان باشەو و پیشەوەرەکان رێزیان بۆیان هەیە، چونکە ئەو ئیسلامییانە باشتر ئیش دەکەنو خامیانەو راستەقینانە لەوانی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن.

رێگەدان بە پارتە ئیسلامیەکان واتای ئەوەدەگەیەنێ کە بەرژەوەندی ئەوان لە پێواژۆی دیموکراسیدا هەبێ، دەقاودەقیش ئەوەدەگەیەنێ کە رێرۆیشتنی ئەوان لەگەڵ پرۆسەکەدا خنکاندنیەتی. بەهای دێموکراسی لەوەدایە کەریگایەکە بۆ ئەوەی سەخترین کێشە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی چارەسەربکا، ئەوەش بەلێتێگەیشتنی دروستیانە، گفتوگۆکردنو دەنگدان. مەزنترین کێشە کە جیهانی عەڕەبی پێئالودەبووە رێک ئەو پرسگەلانەیە کەبۆ پارتە ئیسلامیەکان گرنگن: ئایا ئیسلام چی لێمان دەوێ؟ چۆن تیرۆر پێناسە دەکەی؟ ئایا گەنجان چ جۆرە پشکێکیان لە نێو کۆمەڵگادا دەبێ؟ ئایا چۆن هاوسەنگی نێوان پێداویستی سەردەمی نوێ بەها نەریتیەکان رادەگیرێ؟ واباشترە ئەو ئەو کێشەیە لەنێو بۆتەی دێموکراسیدا بە دانو ستان چارەسەر بکرێ، لەوەی بە شیوازی توندوتیژیو گوشارخستنە سەر یەکلایی بکرێتەوە.

ئەوەڕاستە کە دەستەی واهەبن لەڕێی زەبروزەنگو تیرۆرەوە گەیشتبنە سەر دەسەڵات. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە توانستیە

لەئارادایە، پێویستە داوا لەهەر پارتێکی سیاسی بکرێ کە پابەندی ڕێساکانی دێموکراسی –لاشەڕیو ریزگرتنی ڕێکارە ڕەوا دەستورییەکان– بن هەروەک زۆر لە پارتە ئیسلامییەکان خۆیان پێوە پابەند کردووە. لەکۆتاییدا باشترین شێواز بۆ پەراوێزکردنی توندڕەوە زەبروەشێنەکان دابینکردنی بەرفراوانترین ڕووبەری جێگرەوەکانی ناتوندوتیژیو لاشەڕییەکانە. هیچ شتێک لەوە خێراتر وا لەوبزوتنەوە سیاسیانە بەهەر خەسڵەتێکلانەوە بێ، ناکا لەوەی پێداویستی سیاسەتی دەنگدان دەیهێنێتە پێشەوە. سەرۆک بوش دەزانێ کەبەڕێگای هەڵبژاردنەوەو دەبردرێتەوە پرسەکەی واهێنایە زمان: " لەوانەیە هەندێکیان بڵێن ، دەنگم بدەرێ، من لەمێژە چاوم لەوەیە ئامریکا تێکبشکێنم،" بەلام من پێموایە ئەو کەسانەی کەدەیانەوێ هەڵبژێردرێن بەگشتی دەڵێن : " دەنگم بدەرێ، من هەوڵ دەدەم کونودرزەکانی بانی خانوەکەتان بگرمەوە مشوری ئەوەتان بۆ بخۆم نان لەسەر سفرەتان هەبێ". تیپ ئۆنیلTip O'Neil یش هەمان بیرۆکەی هێنانە زمان بەشێوەیەکی دیکە گوتی: 'هەمو سیاسەتێک خۆجێیە'. پێویستە ئەوە بۆ سەرکردە عارەبەکان رونبکرێتەوە کەهەر هەنگاوێک ڕووەو سیستمی دێموکراسی دەرەنجامی باشی بۆ سەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەبێ، پێچەوانەکەشی هەر راست دەردەچێ. وڵاتگەلێک کە ئاراستەیان بەرەوە دێموکراسی بێ واباشە پاداشتی باشیان لەسەر ئاستی بازرگانی، سەرمایەگوزاریو وەبەرهێنانو ڕێکاری کۆمەککردن بکرێ؛ هەروەها واشنتگتۆن هەقوایە خۆی لەو وڵاتانەی کە حکومەتەکانیان چەندان ساڵە ددان بەمافی هاولاتیەکانیان نانێن، دووربخاتەوە.



لەسەر وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا پێویستە پشتگیری لە دێموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوین بکا هەروەک لەشوێنی دیکە دەیکا، هەروەها لەبەر هەمان سۆنگەو هۆش. ئەز هیوادارم کە ئێمە بەوپەڕی خاکیبونو سادەیەوە بۆ ئەمکارە بچین. دێموکراسی خەڵاتێک نیە کە لەلایەن خواوە یان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە درابێ، بەڵکو سیستمێکە بۆ راپەڕاندنی کاروبار و بەڕێوەبردن کە هەر وڵاتێک دەکرێ کردەی هەڵبژاردن بەپێی رەوشی خۆیو شەقڵو شۆپی خۆی پەرەی پێبدا. لە گوتاری دوهەمین بۆنەی بەسەرۆکایەتی بونیەوە؛ سەرۆک لەبن نەدەهات هیچ مافی دەنگدانیان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا نەبوو، یان لەماوەی حەفتاوپێنج ساڵی یەکەم بە ملیۆناب بە کۆتوبەندەوە دەژیان، یاخود ئەوەش پێش ئەوەی شارستانێتی ئامریکا دابمەزرێو بۆڕ بەشارستانیەکی دیکە بدرێ.

پێویستە ئێمە سەبارەت بە چاوەڕوانیەکانمان واقعی بین. بۆ حکومەتەکەمان زۆر گرنگە روی رۆژهەڵاتی ناوین بگۆڕدرێ بەشێوەیەک چاوێک لەسەر ئاسایشی ئامریکاییەکان هەبێ، بەلام نەک ئەو بەڵگەوبەندەی کە تێکڕای چاکەخوازێکی عەرەبی بەکاری دەهێنن. گەر بێتو کاتێ قسە لەسەر دێموکراسیی عارەبیی بکرێ، ئەوا یەکانگیر بێ لەگەڵ ئامانجەکانیان. سستمی دێموکراسی ناتوانێ لەماوەی شەو ورۆژێکدا روانینی عەرەبایەتی بگۆرێ. هەروەها ناشبێتە ئاشتبوونەوەیەکی کتوپڕیانە لەگەڵ ئیسرائیل یاخود ببێتە مایەی زامنی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتیانە. بەلام هەڵبژاردنەکان هەمیشە هەنگاون بەرەو ئاراستەی باش، گەرهاتو بووە مایەی گتفوگۆیەکیی راستەقینەی سیاسیانە. جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەو جڤاکەی کە واتاکەی لەسەر 'ئەوەی هەموان پێیان وایە'

بەندە لەگەڵ کۆمەڵگایەک کە هاوڵاتیەکانی بەو سەرەتایە دەست پێدەکەن کە دەڵێ' ئەز ئەوەت پیدەڵێم کە پێموایە'. کاتێ کەمن چوومە حکومەت دەگەیشتمە چەند سەرنجێک کە زۆر جاران لەلایەن هاوکارەکانم رەت دەکرانەوە، بەڵام دواتر بەپەرۆشەوە بەکاریان دەهێنا کاتێ بیرۆکەی تایبەتی خۆیان رادەگەیاند. خودی خۆشم سەرنجی کەسانی دیکەم بەلاوە ناوە، بەڵام دواتر کەدەرفەتی بیرکردنەوەی زیاترم دەبوو هەڵمدەگرتنەوە. نابێ تۆ وا لە سەرکردە عارەبەکان چاوەڕێ بکەی کەلە نێوان شەو و رۆژێکدا ئامێزیان بۆ دیموکراسی بکەنەوە، یاخود ئەوان پێی رازی بن کاتێ کەبۆیان دەرکەت لەپشتیەوە گوشار هەیە. بەڵام جیهان ئەو هیوایە لەباوەش دەگرێ کە هەرهیچ نەبێ بەلای کەمەوە چەندانێکیان برەو بە سیستمێک بدەن کەلە دیموکراسی بچێ، گەر هاتو ئەوان ناوێکی دیکەشی لێ بنێن. گەر ئەوە رویدا ئەوا بۆ ئەوە نیە کە رۆژئاوا پێی دڵشاد بێ. ئەوە بۆ ئەوەیە کە سەرکردە عارەبەکان، رەنگبێ بە شێوازێکی زبریش بێ، ئەوە فێر بوون هەروەک جۆن کەنەدی چەندان ساڵ پێشتر گوتویەتی، گەورەترین هێزی دنیا بریتیە لەهەولوتەقەللای مرۆڤ بۆ ئەوەی سەربەستانە بژی. بوش لە 2005دا رایگەیاند: " لەو رۆژەوەی ئێمە وڵاتەکەمان بنیات ناوە رامانگەیاندووە کە هەمو ژنو پیاوێک لەسەر گۆی زەوی مافیان هەیەو رێزی هەیە ئەوەش بەهاکەی بێ بنە' . بەڵام ئەو ئەوەی بۆ زیاد نەکرد کە لەماوەی نزیکەی سەدوسی ساڵی یەکەم نیوەی ئەو خەڵکەی بەهاکەیان

**ژێدەر**:بەشی پانزەهەمی لاپەرە 198تا لاپەرە 211 کتێبی: Madeleine Albright, De macht en de almacht, over Amerika, God en de toestand van de werld. Anthos, Amsterdam 2006.



## نمونەی عێراقیێك بەسە!

ئایا تۆ هەرگیز ئەوەت بەچاوی خۆت بینیوە کە زەوی لەرزین چ شوێنەوارێک لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێ؟ بەڵێ، من ئاوا دە ساڵێک لەمەوبەر لە تورکیا بینیومەو هەرگیزیش لەبیرم ناچێتەوە. خاک ئەو خاکە نەمابوو کە بومەلەرزەکە لێیدابوو. خانوبەرەکان ئاداریان لەسەر پادار نەمابوو، لەهەمولایەک نیوە ئۆتۆمبێلە تێشکاوەکان کەوتبوون، جادەو شەقامەکان نەما بوون. بارەکە بەوە دەچوو کەتازە ئەستەم بێ ئاوەدان بکرێتەوە. هەڵبەت لەخۆت دەپرسی: ئایا لەکوێوە دەست پێبکەین؟

بەڵێ هەنوکە لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رابمێنە. لە هاتنوچوونی دیپلۆماتیانە بێلایەنەکەی هنری کیسنجەری ساڵانی حەفتا، ئامریکا بەردەوام گەمەیەکی راستگۆیانەی لەگەڵ هەردوو لایەنە ناکۆکەکان کردووە، ئەمەش بۆ کارکردن لەسەر ئاشتی نێوان عەرەب- ئیسرائیل بوو. لەدەرەنجامدا مسرو ئوردن بەکۆمەکی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل ئاشت بوونەوە. وامان لە ئیسرائیلیو فەلەستینیەکان کرد لەگەڵ یەکدی دابنیشن چونکە هەردوولا پێویستیان پێ هەبوو. هەروەها هانی سوریەکانمان دا تا رێکەوتننامەیەک ببەستن، بەڵام وڵاتەکە لەبەر بستە کەنارێک کە بەئاستەم نیو کیلۆمەتر پان دەبوو، پاشگەز بووەوە. ئێمە وەک

هاوکار بۆ ئەوەی رژێمە دوژمنەکانی وەک  لیبیا، عێراق و ئێران جڵەویان لەدەست دەرنەچێ، کارمان لەگەڵ حکومەتە عەرەبییەکاندا کرد. مشوری ئەوەمان خوارد کە ئیسرائیل بایی ئەوەندە بەهێز بێ بەرپەرچی هێرشەکان بداتەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا گوشارمان خستبووە سەر سەرکردەکانیان بەگوێرەی بنەمای"خاک بەئاشتی" بجوڵێنەوە. ئێمە بەدوای شێوازەکانی پەیداکردنی رەوایەتیو بەرجەستەکردنی ئاواتەکانی فەلەستینیەکاندا دەگەڕاین. بیل کلنتن بەخۆیو دامودەستەی هەوڵێکی لەبن نەهاتووی دا تا هەردولایان بگەیەنێتە سەر رێکەوتنێکی یەکلاکەرەوە. لەوەدا سەرنەکەوت، بەڵام لایەنەکان لەجاران زیاتر لەیەک نزیک بوونەوە. ئەوەی راستی بوێ نابێ خۆی لەوە لابدا کە ئامریکا لەسەردەمی سەرەکایەتی کلنتۆندا خۆی بۆ هەردوولای کێشەکە تەرخان نەکردبوو.

جۆرج دەبلیو بوش وای بیر دەکردەوە کە کەباشتر کێشەکە یەکلا دەکاتەوە. ئەو بەکەم بایەخەوە لەگەڵ سەرکردە فەلەستینییەکان دەدوا، هەر بە ئەوەندەی واز نەدەهێنا کە یەخەی سەددام حوسێن بگرێ؛ بەڵکو لەوبڕوایەدا بوو بەهێزی ئامریکا دەستبەجێ دیموکراسی لەسەر زەوتی قیت دەکاتەوە. کەواتە ئەو لەلایەن خۆیەوە دەستی بە نەخشەو پلانێکی یەکلایەنە کرد کە هەمو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەتەواوی پێبگۆڕێ. بەڵام بە دەرەنجامێک کە پێکهاتە نائارامو ئاسایشە ناتەواویەکەی زیاتر لەبار یەک بەرێ.

کاریگەری تۆپەکانی بلیارد لە کاروباری نێودەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پڕ لە سەرچڵ (ریسک)ی تایبەتمەندن. تۆپەکان نەوەک یەکدی پاڵ دەدەن، بەڵکو گەر بەتوندی دژی یەکدی پاڵبدرێنو داردەستێکی ناڕاستیان هەبێ ئەوا دەتەقێنەوەو لەگەڵ



خۆشیاندا تۆپەکانی دیکەش غلۆر دەکەنەوە. پەلاماردانی عێراق پەردەی لەسەر دەرهاویشتەی شەڕێکی نێوخۆی فرەلایەنی هەڵدایەوە، گرژیەکانی نێوان سوننەو شیعەی وروژاند، دەستڕۆیشتویی ئێرانی زێدەکرد، تورکیای گەیاندە لێواری شەڕێک لەگەڵ کوردانی عێراقو ژیانیشی بەبەر ئەلقاعیدەدا کردەوە. رای گشتی لەزۆر شوێنی جیهاندا بە دژایەتی ئامریکادا گۆڕیو ئەو سەرکردانەش کە بەتوندی دژی ئامریکا (وئیسرائیل) بوون، جەماوەری زۆرتریان پەیداکردو بوونە بیچمی ناسراو لەنێو موسڵمانەکاندا. بەدرەنگەوە حکومەتی بوش هەوڵیدا بارەکە تێهەڵبێنێتەوەو لا لەکێشەی عەرەب-ئیسرائیل بکاتەوە، ئەوسا بۆی دەرکەوت هەوڵە پشتگیریەکانی بەرێ بەتەواوی لەسەر زەمین بەلا نراون دەبێ  نۆژەن بکرێنەوە.

کارامەیی ئامریکا بۆ ئەوەی مەترسیەکانی سەدەی بیستەم پێشبینی بکا لەسەر دوو دینگە وەستا بوو: رۆڵی سەرکردەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو هاوکاری تەواوی هاوپەیمانەکانیان. ئێمە ئەوکات پێمان لەسەر زەوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کەنداوی فارسدا دەچەقاند گەر هاتبا یەکەمجار ئاجێندایەکمان دابنابووایە کە هاوپەیمانانمان لەپشت بوونایە، ئەوەش گرێداو بووایە بە پێداویستیەکانی وڵاتە گرنگەکانی دیکە. ئەوەش هەر سەرەتایەک دەبوو؛ چونکە لەبەرایدا پێویست بوو ئێمە متمانەی وڵاتانی هەرێمەکەمان سەرلەنوێ بەدەست هێنابا. پێویستە ئێمە بەرچاومان سەبارەت بە خواستەکانی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەو ئاراستەیەی کە هەنوکە هەڵیان بژاردووە، زیاتر رونبێ. ئێمە

ناتوانین بڕوا بەکەس بێنین گەر هاتو لەدەستپێکدا خۆمان لەوە تێنەگەین کەئەوان چۆن دەربارەی خۆیانو ئێمە بیر دەکەنەووە.

گەرهاتو تۆ پزیشکێکی عێراقی، مامۆستایەکی فەلەستینی، جوتیارێکی ئیسرائیلی، بزنسمانێکی لوبنای، خوێندکارێکی ئێرانی و سەربازێکی ئامریکای لەیەک شوێندا کۆبکەیتەوە، دەبینی پێناسەی هەر یەکێکیان بۆ چاکەو خراپە جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەوی دیکەدا هەیە، ئەمەش تەواو بەپێی جیاوازی ئەزمونو پاشخانی ژیانیان دەردەکەوێ. گەر هاتو ئێمە ئەوەمان ددانپێدا نا، ئەوا لە رەوشی واقعی بوون دەرناچین وەک هەندێ بیرمەند بۆی دەچن، بەڵکو ئەمە هەنگاوی دەستپێکی بەیەکەوەگرێدانی لەیەکنزیکبوونەوەی دیپلۆماسیانەیە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

وەک سەرۆکێک بۆت دەردەکەوێ کە ململانێی ئەو هەرێمە هەرچەندە وڵاتەکە پیرۆزیش بێ، ئەوا لەنێوان فریشتەو جنۆکاندا نیە. هەروەها تۆ ناتوانی لەپاڵ کورسیەکەت لێی پاڵ بدەیەوە بەتەمای بروسکەیەکی پەرجوئاسا بیو لە ئاسمانەوە دابکەوێو تەواوی ململانێکانی ناوچەکە چارەسەر بکا یان وا بزانی کە ئەوجیهانگیرییە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەوە نیە. ئەرکی تۆ زۆر کردەییە: پێویستە تۆ یارمەتی ئەو کەسانە بدەی کە باوباپیرانیان بەنەوە لەدوای نەوە لەگەڵ یەک ژیاون، تا بەئاشتی لەگەڵ یەکدی بژین وهەڵبکەن. لێرەدا دەبێ واز لە بێدەنگی بەرێ بهێنرێو ددان بەوەدا بنرێ کە توندوتیژی-هەرچەندە هەندێک جارانیش ناکرێ بەلاوە بنرێ- زۆر جاران هەر توندو تیژی لێدەکەوێتەوەو بەدەگمەنیش چارەسەری لێبڕاوانەی بۆ دەدۆزرێتەوە. تۆ نابێ بەدوای چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەی لەشکرییانە بۆ هەر



کێشەیەکی هەنوکەیی ناوچەکەدا بگەڕێی. راسترین بژار -بۆ تۆو بۆ سەرکردەکانی دیکە- ئەوە نیە لە نێوان بردنەوەو دۆڕان دابێ، بەڵکو لەنێوان ئایندەیەک دایە کە منداڵان بەبێ ترسو بیم بتوانن وازی بکەنو پاشەکشەش بە پاڵنەرەکانی توندوتیژی بکرێ کە وای لە منداڵانی عەرەبو جوەکان کردووە بەهەمان شێواز وێنەی دارەبازەکان بکێشن.

لە بەرەبەیانی 18ی تەموزی1921دا لە بەغدا نوێنەرانی جو، کریستیانیو موسڵمانەکان بەیەکەوە لە ماڵی گەورە رابی جو کۆبوونەوە تا سڵاوی خۆیان بە سەرکردەی نوێ رابگەیەننو گوێیان لە دوانەکەی بێ. ئەوانیش زۆربەی پیاوەکانی جارانی وڵات بوون- سەرکردە سیاسیەکان، وەزیرەکانو پیاوانی ئایینی(نوسەرەکە نوسیویەتی پیاوانی خوا-وەرگێڕ). ئەوان بەڕیز بەخۆیان و جلوبەرگی نەریتیانەی خۆیان لە دشداشەو عەمامە بەسەربوون راوەستا بوون؛ ژنو منداڵەکانیشیان لە دەرەوە لەسەر بالکۆنەکانیان تەماشایان دەکردن. سەرنجی هەمووان چوبووە سەر پیاوێکی مامناوەندی ردێن کورتێکی لێوەشاوەو و خاوەن نیگایەکی سەنگین. ناوەکەشی فەیسەلی کوڕی حسێن بوو، بەڕەچەڵەک دەگەیشتەوە سەر پێغەمبەر موحەممەد، جێ بڕوای لۆرانسی عەرەب بوو، پاشای داهاتو بوو. گەورە رابی جولەکەکانی خانەخوێی دۆست، تەوراتێکی گەورەی پێشکەش بە میوانەکەی کردو ئەویش ماچی کرد. دواتر بەرگێکی جوانی تەلمودی پێدرا کە هەر دە 10 رێنماییەکانی موسای بەجوانی لەسەر هەڵکەندرا بوو. کاتێکیش داوای لێکرا قسە بکا، عەرەبەکە بەگوێی ئامادەبووانی دادا: 'واژەکانی جو، موسلمانو کریستیانیی سەبارەت بە تێڕوانینی

نیشتمانپەروەری هیچ واتایەکیان نیە. بە کورتی ئێستا وڵاتیک هەیە ناوی عێراقەو تەنها عێراقیەکان هەن. ئەز داوا لە هاوڵاتیەکانم دەکەم کە تەنها عێراقی بن، چونکە ئێمە هەمومان دەگەڕێینەوە سەر یەک بنەچەکە، ئەویش بنەچەی باپیرەگەورەکەمانە کە سامە(سامیەکان). ئێمە هەمومان بۆ رەگەزێکی ماقوڵ دەگەڕێینەوە، بۆیە هیچ جیاوازییەک لەنێوان موسڵمان، کریستیانیو جولەکەدا نیە'.

فەیسەل کرایە پاشا، ئەوەش نەوەک لەبەر ئەوەی سەرکردە خۆجێیەکان داوایان کردبوو، بەڵکو بەریتانیا داوای لێکردبوو، چونکە لەگەڵ سوپای ئەوان ناوچەکەی لە تورکە داگیرکارەکان رزگار کردبوو. بەریتانییەکان پێیان وابوو فەیسەل گەر هاتو بزانێ چۆن سوننە، شیعە، کورد، کریستیانیو جولەکەکان بەیەکەوە کۆ بکاتەوە کەشوهەوایەکی نیشتمانیانەی یەکگرتوو لەنێو عێراقیەکاندا دەسازێنی . نەخشەی بەریتانیەکان ئەوە بوو کە 'شارستانێتی بگەیەنە' عەرەبەکانو و کەڵک لە نەوتیان وەربگرن، بەڵام عێراقیەکان لێبڕاوانە دەیانەویست بەدوای نیازی خۆیاندا بکەونو دژی یەک وەستانو بەرامبەر فەرمانەکانی لەندەن راپەڕین. لەماوەی چواردە مانگدا ونستۆن چەرچەلWinston Churchillی گەورە کاربەدەستی بەریتانیایی کەلە دۆزی عێراق بەرپرس بوو؛ بێهیوایانە ئاوا بۆ سەرەک وەزیرانەکەی داڤید لوید جۆرج David Lioyd George دەنوسێ:

'ئەز خەمی زۆر لەسەر عێراق دەخۆم. ئەو ئەرکەی لەوبارەیەوە بەمنت سپاردووە لەڕاستیدا خەریکە ببێتە مەحاڵ[...] بەئاستەم رۆژنامەیەکی Toryلیبرالو کرێکاران دەبینی کە دوژمنانە لەسەرمان



دەربارەی بونمان لەو وڵاتە نەنوسێ[...]بەگوێرەی رامانی من پێویستە بەیەکلاکەرەوەیی بەرامبەر فەیسەلو هەروەها بەرامبەر ئەنجومەنی دەستوری ئەو هەڵوێستە بێنینە پێشەوە کە من خۆم دەکێشمەوە[...] گەر ئەوان ئامادە نەبن پاڵپشتمان بنو لەهەمو شتێکدا بەشداریمان بکەن. بەهەر شێوەیەک بێ تەنها چارەسەریەک هەیە[...] لەوبارەدا ئێمە هەشت ملیۆن دۆلار ساڵانە دەدەینە ئەو زێدە مافە(ئیمتیاز) کەچی لە نێو کڕکانێکدا دەژین کە لەهەر بارودۆخێکدا بێ ئەوە ناهێنێ کە دەستکەوت بداتە دەستەوە.'

زیاتر لە هەشتا ساڵ دواتر ئەو دیاردەیە لایدە بوو کە سەرکردە عێراقییەکان لە ماڵی رابییەک کۆببنەوە، لەوەش هێورتر هەر نەدەکرا کە سەرکردەیەکی کریستیانی رۆڵێکی هەبێ. بەڵام ئەوەی نەگۆڕ مایەوە ئەوە بوو کە هێشتا رۆژئاوا بڕوای بەوە دەکرد ' وڵاتێک هەیە ناوی عێراقەو هەموشیان عێراقیین'، کەچی ئەوانەی لەو وڵاتە دەژین بەردوام بەدوای مەرامی خۆیاندا وێڵن. هەروەها ئەوەی نەشگۆڕاوە ئەو پەیوەندییە سەیرەی نێوان هێزی داگیرکار کەلە ئەرکەکەی ماندوو بووەو هاوپەیمانیە خۆجییەکانن کە لەوە پڕ بوون چیدی پەندیان بۆدابدرێ، بەڵام لە پێشهاتێک دەترسن گەر هاتو هێزی بێگانە بەجێیان بێڵێ. ئەو گڕکانە بێپاداشتەی چەرچل بۆتە کێیسی تۆ کە هەنوکە بویتە سەرۆک.

لەکتێبەکەی پێشومدا (هێزو ئەوپەڕی هێز) نوسیبووم: هەرچەندە بەتوندی هیوامان پێچەوانەکەیەتی بەڵام پەلاماردانی عێراق – شوێنەواری دوای خۆی– لەدواییدا دەبێتە یەکێک لە کارەساتە گەورەکانی سیاسەتەکانی دەرەوە لە دیرۆکی ئامریکادا'. لەوکاتەی من ئەوەم نوسیوە هەمان دەربڕینم لەکاتی کۆڕەکانم لە سەرانسەری

ئامریکادا دوباره کردۆتەوەو سەرسامیش بووم بەرامبەر کاردانەوەی چەپڵەلێدانەکە بۆم. لەسەرتادا تێنەدەگەیشتم، باشە بۆچی ئەوان وا چەپڵەم بۆ لێدەدەن؟ هیوام دەخواست کە کەدەرەنجامەکانم راست دەرنەچووبان. کاتێکیش بۆم دەرکەوت کەچەپڵەیان بۆ ئەوە لێداوە کە ئەوانیش لەمێژە بەهەمان دەرەنجام گەیشتون: جەنگەکە هەڵەیەک بوو کرا؛ پێویستە ئێمە باشترین رێراستکردنەوەی بۆ بدۆزینەوە.

من لەو کەسانە نیم کە پێشکات داوای گەڕانەوەی تەواوی هێزەکانی ئامریکا لە عێراقدا بکا. بەڕای من سەرۆک بوش لەوەدا راست بوو کە گەڕانەوەی بەلەز کارەسات دەخوڵقێنێ، بەڵام گریمانەکەی هەڵە بوو بەوەی مانەوەی هێزەکان بەشێوەک لەشێوەکان رێگر دەبێ لە هەمبەر کارەسات. لە دیدارەکانمدا زۆرم ئەو پرسە ئاراستە دەکرێ ئاخۆ ئامریکا لەروی مۆڕالەوە بەرامبەر خەڵکانی ئەوێ بەرپرسە تا بارێکی هاوسەنگی لەعێراقدا دروست دەبێ. بەرسڤەکەم بەرژدبوونەوە وایەو ئەرێیە، بەڵام ئێمە بەرامبەر سوپای خۆشمان بەرپرسیارین. ئەرکی هێزەکانمان پێویستە گەر بشمێنێتەوە سنوردار بێ تا دەگەینە ئەنجامێکی بەجێ. راستگۆییەتی ئامریکا گرنگە، بەڵام ئەو راستگۆیەتییە باشی نایەتە رێ گەر هاتو ستراتیژمان شکست بێنێو لەگەڵ ئەوەشدا بەهەر نرخێکەوە بێ دەست بە مانەومان لەوێ بگرین.

گەلۆ ئایا هێزەکانمان ئێستا و دەستبەجێ یاخود بەهێواشی بکشێنەوە یان هەر نەکشێنەوە: وەک سەرۆک ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە ئالتەرناتیڤی باش لە عێراقدا نیە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئێمە بایی پێویست سەنگمان لەبەردەستدا نیە کە باندۆر بخەینە سەر



دەرهاوێشتەی عێراق. ئەوەش چەندان ساڵە رون بۆتەوە. ئەرکی تۆیە کە زیانەکە کەم بکەیتەوە.

سێ کابوسی تایبەتمەند هەن کە تۆ لەماوەی سەرۆکایەتیتدا بەدوایاندا بچی. یەکەمیان بەشی سوننەنشین لە عێراقدا کە دامودەزگایەکی قانونیانەیان نیەو بۆتە شوێنی هەمیشەیی مەشقو خۆشاردنەوەو جۆشدانی ئەلقاعیدە. دوهەمیان ئەوەیە رەنگبێ حکومەتی داهاتووی عێراق توندتر لەگەڵ ئێراندا بێتەوەو لەدوایشدا هاوکاری دەزگای زانیارییانەی یەکدی بکەنو لەڕوی سەربازیشەوە هەماهەنگ بنو هەڕەشەیەک بۆسەر ئیسرائیل پەیدا بکەن. سێهەمیشیان رەنگبێ عێراق بەهۆی ململانێکان وا پارچەپارچە ببێ کەلەدەست دەربچێو شەڕێک بنێتەوە کە هەمو هەرێمەکە بگرێتەوە. گەر هاتو خۆتو ستافەکەت بەختتان هەبێو زیرەک بن، دەکرێ رێ لە هاتنەدی دەرەنجامی هەرسێ کابوسەکان بگری. گەر وانەبێ ئەوا ئێمە لەدواییدا لەگەڵ هەر سێ بارەکە لە کەشتیدا دەبین.

پشکی بەخت گرنگە، چونکە ئایندەی عێراق تەنها بە خواستی ئێمە دیار ناکرێ. کە هێزەکانمان لەوپەڕی زۆریشدا بوون نەمان توانی هەمو وڵاتەکە بگرینە دەست. ئێمە لەبارێکدا نەبوین ئارامیو ئاسایش رابگرین. ئێمە توشی ئۆباڵخستنە ملی باری تەزوی کارەبا، چالاکیە ئابوریەکانو ئاسایشی گشتیش بووینەوە. تاکە خاڵێکی ئەرێنی کە هەمانە، ئەویش ئەوەیە ئەوانیش بەبەراورد هەمان کابوسەکانیان لەپێشە. هیچ لە حکومەتەکانی هەرێمەکە لەپشت ئەلقاعیدەوە نین. هیچیشیان بێجگە لە ئێران لەگەڵ ئەوەدا نیە کە ئێران بەسەر عێراقدا زاڵ بێ. هەروەها هیچیان نایانەوێ جەنگ بەرپا بێ.

ئێمە پێویستە ئەو خاڵە ئەرێیانە بقۆزینەوە، چونکە لەخۆیەوە توندوتیژی راناوەستێ. ئێران، سوریا، عەرەبستانی سعودی، ئوردن، میسرو تورکیاش لەوانەیە گەر هاتو عیراقییەکان دەست بخەنە یەخەی دینو نەتەوایەتی یەکدیو مەترسی قڕکردن بێننە گۆڕێ، بێنە ناو پرسکە. حکومەتەکان لەوەش دەترسن کە پاشاگەردانی باڵی بەسەر عێراقدا بکێشێ، چونکە بارودۆخەکە دەبێتە مایەی سەرئێشە بۆ وروژاندنی هەستی تفتوتاڵیی لەنێو گروپەکانی وڵاتەکانیان-سوننیەکانی سوریا، شیعەکانی کوێت، عەرەبستانی سعودیو بەحرەینو کوردەکان لە تورکیا، ئێرانو سوریا. لە ناخۆشترین باردا روی بازنەیەکی خێرای کوشتنو تاڵانو برۆ دەبینین، کەسەرلەنوێ داوای چەسپاندنی سنوری نوێ بکاتو لەباریەک هەڵوەشانەوەی باری ئابوریو کاولکاری قەبارە بێئەندازەی شوێنە پیرۆزەکانی لێبێتە کایە. بەمجۆرە مرخی دێوەزمەی تۆڵە خۆشدەبێ. ئەوەی سەبارەت ئەلقاعیدەشە بێسێو دوو هەر دەرفەتێکی بۆی بێتە پێش لەدەستی نادا.

توندوتیژی تایەفەگەری بەشەرمەزاریەوە ژمارەیەکی زۆری لەهاوڵاتیان کردۆتە قوربانیو لەمێژوی هاوچەرخشیماندا بۆتە مایەی کۆچڕەوێکی بێوێنە لەناوچەکەدا. دوو ملیۆن عێراقی ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهێشتووەو رویان لە پەنابەری کردووەو بەدوای شوێنێکی ئارام ئاودویوی سنورەکان بوونە، هەندێکیان روەو سوریاو ئەوانی دیکەش بەرەو ئوردنو زۆریشیان چوونەتە ئێران. بەگوێرەیی ئەو کۆچڕەوەی عێراق ژمارەیەکی زۆری عەقڵو دەستی کارامەی لەدەست داوە کەلەو کاتەدا وڵاتەکە زۆری پێویست پێ بوون. کۆچی کۆمەڵانی خەڵک واتای کۆتاییهێنان بە ململانێکە



ناگەیەنێ، بەڵکو کارێکی وادەکا پێکدادانەکان درێژە بکێشن، چونکە کۆچپێکراوان خۆیان لەرێکخراوەکانیان خڕ دەکەنەوەو هەوڵی بەدەستهێنانەوەوی ماڵەکانیان دەدەنەوە. گەربێو چاودێریەکی توندوتۆڵ نەکرێ ئەوا ئۆردوگاو شوێنی پەنابەران دەبێتە مۆڵگەیەکی چەکدارییانەو مۆڵگەی جۆشدانەوەی ئاوارەکان کە تاڵاوی خۆیان بخۆنەوەو گەنجەکان لە کۆمەڵی چەکداریدا رێکبخەن شەڕەکەیان پێ سازبدەنەوە کەخۆیان دۆڕاندوویانە. ئەوەشمان ئەوە شەست ساڵی دورو درێژە لەفەلەستین دەبینین، خۆم ئەوەشم لە ئافریکای ناوەندا لەو شوێنانەی کە پەنابەرە رواندییەکان خۆیان بۆ کوشتارگەیەکی دیکە ئامادە دەکرد، بینیوە.

لە گۆشەنیگای خۆتەوە، لە کۆشکی سپیدا دەکرێ -وەک فەیسەل کردی- ئاماژەی ئەوە بدەی کە هیچ لایەکیان سود لە شەڕی ناوەخۆ وەرناگرێ. عێراقیەکان نایەنەوێ لە ئامریکایان گوێ لێبێ کە باشترین شت چیە بۆ ئەوەی ئەوان بیکەن. ئەوان خۆیان بەخۆیان دەگەنە دەرەنجامێک ئەگەرنا زۆر لەعێراقیەکان دەبینین کە چەند بایەخدارە کەبۆ یەکێتی عێراق تێبکۆشن، بەڵام هێشتا حکومەتێکی ناوەند کەمتر سەرکەوتن بەدەست دێنێ. بەپێی بەسەرچوونی رۆژگار، کوردەکان کە گرێبەستی تایبەتمەندانەی نەوتیان بەستووەو راشکاوانەش ئالای عێراقیان لەهەرێمەکەیان قەدەخە کردووە(مەبەست ئالای عیراقی پێش هەموارکردنەکەیە-وەرگێڕ)، بێگومان زیاتر بەدوای ئاراستەی سەبەخۆیی خۆیاندا دەڕۆن. سونەکانیش کە هێشتا باوەڕیان وایە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی رەوای خۆیانە، هەمو کارێک دەکەن کە بیسەلمێنن گروپی هەرە گرنگی نێو عێراقن. شیعەکانیش کە زۆرینەن شێلگیرن لەسەر ئەوی

دەستکەوتەکانیان بپارێزن، هەوڵ دەدەن بەشێکی گەورەی وڵات لەبن دەستیاندا بێ و لەنێو خۆشیاندا شەڕوهەرایانە لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵاتدار بێ.

رەنگبێ یەک شێواز هەبی کە عێراق یەکانگیر بمێنێتەوە: رێگەبدرێ وڵاتەکە دابەشبکرێ بەڵام نەوەک بەفەرمیو بەتەواوی، بەڵکو زەمینەیەکی باشو لەبار بۆ شیعەکان لە خواروو، کوردەکان لە لە سەروو سونەکانیش لەو نێوەندەدا فەراهەم بکرێ. بۆئەوەش سیاسەتێکی فەرمی پێویست نیە، چونکە عێراقیەکان خۆیان ئێستا خەریکن لەنێوخۆیاندا بەجوانی بەشی بکەن. پێویستە ئامانجی تۆ لەگەڵ ئەوسەرکردانەی کەدەیانەوێ هاوکار بن؛ ئەوەبێ کە پێواژۆیەکە بە هێواشیو ئارامی تێبپەڕێ، بێ ئەوەی بیرۆکەی نیشتمانێتی عێراق هەروا لەدەست بچێ. بۆ نمونە هیچ هۆیەک نیە کەبۆچی کەسێک کەسەرەتا لەگەڵ مالباتەکەیو دیینەکەی هەستی پەیوەندیداری هەیە هەستیش نەکا کە ناسنامەی نیشتمانیانەی نەپارێزێ. لوبنان لەوبارەیەدا نمونەیەکی باش نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک وڵاتێک ماوەتەوە. بەغدا دەبێ شوێنیک بێ کە شیعەکانو سەوننەکان(ئەوانی دیکەش) لەگەڵ یەکداهەڵبکەن. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو راماڵینە ئەتنیکیەی لەئارادایەو لەلایەن میلیشیاوەو لەسەر جادەکان دەکرێ، دەبێ بوەستێنرێ. پێویستە حکومەتی عێراق، گەر بە سەرکردە نوێکانیش نەبێ، لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتو دەستکەوتەکانی نەوت کۆک بنو کە گروپە گەورەکان بەلای کەمی پاڵپشتی دەکەن. کوردەکان داخراونو دۆستی زۆریان نیە، پێویستە بگەنە دەرەنجامێک کە ئۆتۆنۆمیەک لەنێو عێراقێکی پەسەندکراو باشترە لە هەڵبژێری سەربەخۆبوون لەنێو



هەرێمیکی شەڕانگێزدا. وەک دەیبینینو دەردەکەوێ لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەیە چارەسەری سەربازیانەو سیاسیانە بدۆزرێتەوە، بەڵام لەگەڵ یارمەتی کارای وڵاتە دراوسێکانی عێڕاق بەبیردا دێ بگەینە هاوسەنگیەکی لەرزۆک. ئەوەش وەک وڵاتێکی ئاسایی لێنایە کە سی فیۆدالیی هەبێ هەریەکەیان سوپای خۆی هەبێ بەڵام رێزی بۆزێدی ئەوانی دیکەش هەبێ. وەک دوا سیناریۆ بەڕێوبردنێکی فیدرالیانەی عێڕاق چارەسەریەکی نەداریانەیە، بەڵام کاتێ وڵاتێک ئاوا وێران بێ ئەوا تەلبەندو لەیەکدرونەوە دێتە پێش چاوان.

کاتێک ئەز وەزیری کاروباری دەرەوە بووم، کارمان لەسەر روبەروبوونەوەی کێشە ئەتنیکییەکانی بالکان دەکرد. ئەوەی لەوێ لەمێژودا رویداوە هەر لایەکیان لە هەرێمەکە پشتو پەنای لەدەرەوەی هەرێم دۆزیوەتەوە بۆ کۆمەکی چەکدارکردنو سیاسی. بەنوارینی ئێمە چارەسەر ئەوەبوو کە هەمو وڵاتە بەرژەوەندیدارەکان لە بالکان بەیەک بگەیەنرێنو هاوکاری یەکدی بکەن. بۆیە ئێمە تۆڕی دیپلۆمماتیمان خستە گەڕ کەپێمان دەگوت دەستەی پەیوەندیدارو پێکهاتبوو لە نوێنەرانی هەر شەش وڵات. هەروەها مشوری ئەوەشمان خوارد کە سیاسەتەکەمان لەنێو خۆدا دەنگی لەسەر بدرێ. ئەو جۆرە لایێلێکردنەوەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆیە من(زۆری دیکەش) ئەوە دەبینین کە هەمان شێواز لەدوای شەڕی کەنداوی دوهەم لەعێڕاق هەوڵی بۆ بدرێ. کەچی ئەوە روی نەدا. ئەوەش هەڵەیەکی داخدار بوو. رەنگبێ لەوەدا لۆمەی ئامریکا بکرێ، وەلێ وڵاتە دراوسێکانی عێڕاقو هاوپەیمانەکانیشمان بەرژەوەندی زۆریان لەوەدا بوو کە کۆتایی پێ بهێنرێ. رەنگبا حکومەت کاتێ پێی لەهەڵەکانی نابا و بەرپرسیارێتی دابەش کردبا،

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەکی کرابا. بەڵام لەبری ئەوەدا حکومەتی ئامریکا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هاوپەیمانان خۆیان دەتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن. لە نیسانی 2003دا هەر خۆیان پێشنیازێکی ئێرانیان سەبارەت بە دانوستاندن لەسەر بیرۆکەی عیڕاقێکی دیموکرات نەوەک تیۆکرات رەتکردەوە. کەچی لە دواییدا لە 2007دا وولاتە یەکگرتووەکان ئەوەی پەسەند کرد کەرایەڵی دیپلۆماتیانە لەهەرێمەکەدا کارا بکاو، ئەوەش لەوکاتەدا کە کار کەوتبووە سەر ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عیراقدا ئەوە رزگار بکرێ کەدەکرێ نەوەک ئازادی.

شکستی حکومەتی بوش لەعیڕاقدا پێشبینیکراو بوو بەڵام بەتەواوی حەتمی نەبوو. دەستتێوەردانی ئامریکا هەرچەندە بەخراپیش بیری لێبکەینەوە رەنگبا کەم تازۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنابا گەر بنەمای یاریەکە تەنها لەسەر بەرەنگاربوونەوەی سوننەکان وەستابا. ئێمە پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە کەوا بەملیۆنان عێڕاقی ژیانی خۆیان لەسەر ئەو گرەوە دانابوو بە هەزارانیش کە بەدوای دێموکراسیدا وێڵ بوون سەریان لەپێناو دانا. لەبەشێکی گەورەی وڵاتەکە خەڵکەکە بەجۆشو خرۆشەوە دەنگیان دا تا دەستوری وڵات دابنێن، پارتی سیاسی رێکبخەنو بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان بگرنە دەست. سەرباری ئەوەش سەرکردە شیعییەکان سێ ساڵی رەبەق ئازایانەو شایستانە بەرامبەر وەڵامدانەوەی ئەو توندوتیژیەی کە لەلایەن سوننەکانەوە دەستی پێکرد، خۆپارێز بوون. شیعەکان هیواخواز بوون دەسەڵات بەشێوەیەکی رەوایانە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بگرنە دەستو بەونیازەش کە وڵاتە یەکگرتووەکان راپەڕینی سوننەکان سەرکوت بکاتەوە.



پاش ئەوەی لە فیبرایری 2006دا هەردو مەزارگەی پیرۆز رێزلێگیراوی ئیمامەکانی سەدەی نۆهەم خاپور کران، ئەنجا میلیشیا شیعەکان دەستیان کردەوە. هەرچەند شەڕەکان لەدەست دەردەچوون ئەوە لە ئامریکاو هاوپەیمانەکانی تێبینی دەکرا کەدەیانەویست هەمو لایەک لە توندوتیژی هەمەلایەنە بپارێزن. گەر سەربازێکی ئامریکی لە شەقامەکان بسوڕابایەوە نەیدەزانی سێرەی تفەنگەکەی لە کێ بگرێ تا ئەوکاتەی ئەو دەدرایە بەشێلکەی گوللە- بارێکی ناسەقامگیر بوو. خاڵی نەرێنی هێزە چەکدارەکانی ئامریکا لەوپەری کێرڤ نزمیدابوو چونکە لە سەر شەقامدا نەیاندەتوانی هاوپەیمانەکانو دوژمنەکانیان لەیەک جیابکەنەوە، لەوێ لەهەمولایەک هەرهاوڵاتی هەبوون، لەوێ تەنانەت دەسکەوتی سەربازیانەش پابەند بوو بە شکستێکی سیاسیانە. ئەوە سەختە کە سەرکەوتن بەدەست بێنی کاتێ تۆ جلی خاکیت(یەک جلی سەربازیانە) لەبەردا بێو دوژمنەکەشت نا، یاخود بتەوێ دڵی خەڵک لەخۆت رازی بکەی کاتێ تۆ بەرگێکی گوللەبەندت لەبەردا بێو دەستت بۆ بەرز بکەیتەوە کەچی دەستت لەسەر گۆلمەی تفەنگەکەت بێ لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا، یان لەدەرگەکان بدەی بەخۆتو سەگی باروتبۆنکەر لە کلتورێکدا کە سەگ تیایدا گڵاوە.

لەپاڵ ئەوەی ململانێی شیعەو سوننەکان ئەرکی ئامریکای سەخت کردووە، ئەو هەوڵەش پەکی کەوتووە کە سوپایەکی نیشتمانیانە پێکبهێنرێو دەزگایەکی پۆلیسی پیشەگەرانە دابنرێو یان بەباشی حکومەتێکی ناوەند دەستی بەسەر باری ئاسایشی وڵاتەکەدا بڕوا. لایەنە جیاوازەکان لەیەک نزیک نەکراونەتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە دەزگا لە پێشە شیعیەکان بە پێچەوانەوە کاران لە چالاکی شەڕی

ناوەخۆدا. ئەوان ئەو پاراستنە فەرمییە دەقۆزنەوە تاکو سوننەکان ئەشکەنجە بدەنو زیندانیان بکەن. دیموکراسی کار ناکا مەگەر زۆرینەی هەڵبژێردراو ڕیزی تەواوی ئۆپۆزسیۆنی لەلا نەبێ، مافەکانیان نەپارێزێ، نوینەرایەتیەکەیان ڕۆڵی شیاوی خۆیان لە پاراستنی ئارامیو ئاسایشدا پێ ڕەوا نەبینرێ. دەستبەجێ سەپاندنی دیموکراسی لەرێڕەوی ماراسۆنێک دەچێ، لەکاتێکدا کەتەنها رۆژێک پێشتر دەستت بەمەشقکردن کردووە. راستە تۆ باش دەست پێدەکەی بەڵام جەستەت بۆی ئامادە نیە، کەواتە هەر زوو شەکەت دەبیو وەک کێک لەبەر یەک هەڵدەوەشێی.

لەڕاستیدا وەک فیلیپ زێلکۆو Philip Zelkow گەورە راوێژکاری پێشووی کۆندالیزا رایس Condoleezza Rice تێبینی ئەوەی داوە کە ' عێراق هەر ئاوا بەتەنها شەڕێک نیە'. بەڵکو وەک دەڵێ' پێنج یان شەش شەڕی جیاوازن لەیەک وڵاتدا، هەریەک لەگەڵ دینامیکیەتی خۆیو لایەنە جیاوازەکان'. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیە کەوا ئێمە ناتوانین بەر بەوە بگرین گەر بێو لایەنەکانی عێراقی بیانەوێ یەخەی یەکدی بگرنو یەکدی دابپاچن. پێویست نیە ئێمە داوا لە هێزەکانمان بکەین ئەوکارە بکەن. بەپێچەوانەوە ئێمە دەبێ تەقەللای ئەوە بدەین کە شەڕەکان سنوردار بکەین، وابکەین لەچوارچێوەی سنوری عێراق دەرنەچێ. گەر هاتو ئاماژە هەبوون کە ئەلقاعیدە کارایەو جەنگاوەری بیانی خۆی تێهەڵقورتاند ئەوکات دەبێ هەمو کارێک بۆ یارمەتیدانیان بکەین. هەرچۆنێک بێ پێویستە ڕۆڵی سەربازیانەمان کۆتایی پێبێو ڕۆڵی دیپلۆماتیانە ببێتە چەقی بازنە.



دیپلۆماسیش- دیپلۆماسیەکەی تۆ- پێویستە تا ئەوپەڕی کردەییانە بێ. ناکرێ تۆ خواستی خۆت بچەسپێنی. وەک بەرجەستەکردنێکی هەمو ئامریکا، تۆ بەرپرسی لەوەی کە هێرشەکەی سەر عێراق کاولکار بووە، هەروەها بەرامبەر هەمو ئەو پاشاگەردانیەش کە بەجێی بێڵین. سەرەڕای ئەوەش ئەوە رون نیە ئاخۆ تۆ دەتوانی حیساب لەسەر کۆمەکی ئەوانەی پێویستیت پێیانەوە هەیە، بکەی. لەسەرەتاوە تۆ دەبێ بەبیر هاوپەیمانەکانمان بهێنیەوە کە کۆمەکو یارمەتی ئەوان چەند پێویست بووە، ئەوەش نەوەک هەر بۆ عێراق بەڵکو بۆ خۆشمان بۆ بەرژەوەندییەکانمان. هەروەها بۆ ئەوکەسانەش کەخۆیان لەژێر سایەبانی دارەکە نابیننەوە لە کاریگەرەیەکەی بەدور نین.

زۆر شت لەسەر ئەوە وەستاوە ئاخۆ وڵاتە دراوسێکانی عێراق تا چەند ئامادەن هاوکار بنو بەهۆی سنورداركردنی چەکدارکردن، کەمکردنەوەی گرژیەکانی نێوخۆیانو هەروەها ڕێگرتن لەدەستتێوەردانی نێوخۆی عێراق بەوەی نەبنە ئاگرۆکەی بن کا. مانو نەمانی ئەو جۆرە هەماهەنگیو هاوکاریکردنە وەستابووە سەر متمانەی دولایەنە کە بەبەفری بەر خۆرەتاو توایەوە. گەر بێتو حکومەتەکەت بونیادی ئاسایشپارێزیەکی هاوسەنگانە لە هەرێمەکە رابگرێ، پێویستە بۆ زۆر لایەنی پەیوەندیداری نێو عێراقو دەرەوەی پردی پەیوەندی دروست بکەی، کە ئێمە پێشتر بەدوژمنو بەد ناومان بردبوون لەوانە: ئێران، سوریا، میلیشیاکانی شیعە، شێخەکانی سوننە، کۆنە ئەندامانی حزبی سەددام حوسێنو هێشتا لیستەکەش درێژە. ئەو نەرمکێشیە نەوەک هەر لەتۆ داوا دەکرێ چونکە هەر یەکێک لەو لایەنو گروپانە ئێمەو هەروەها زۆر لەوانی دیکەش بەبەد

دەزانن. هەستە نەرێیەکان گشتگیرن. لەو دیپلۆماسیەدا پێویست ناکا راستەوخۆ نیازپاکی بسەلمێنرێ بەڵکو مەکۆی شتەکان ئەوەبێ کە کەس ماوە نەدا ئاگرەکەی عێراق خۆش بکا، بێجگە لە دوژمنی هەمو لایەک کە ئەلقاعیدەیە.

بۆ دەستپێشخەریەکان ئەوەمان لەرابردودا کردووە کەدەستی هاوکاریمان وەک یەک بۆ شێخەکانی سوننەو سەرکردە شیعەکان درێژ نەکردووە، بۆیە لەدەست بۆ برندندا ئەگەری ئەوە هەیە باسکت لەبنەوە دەربێنن. ئەوە ئاسان نیەو لەو ئانوساتە دواییانەشدا مەحاڵە کە هەماهەنگیەکی نێونەتەوەییو فرەدینی بۆ سەقامگیرکردنی بەفیدرالبوونی عێراق پێکبهێنی. ئەوەش ئامانجە راستەقینەکەیە پێویستە بەدوایدا بچیو شانشی لەوە باشتریشت نیە.

ئاسایانە باس لەوەدەکرێ کە سێ شێواز بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ لەئارادان: لایەکیان بەسەر لایەکەی دیکە زاڵ ببێ، هێزێکی دەرەکی دەستبخاتەو ناوو بەزۆر ئاشتی بسەپێنێ یان لایەنەکان لەئەنجامی بەیەکهەڵپژاندا لەبەریان بڕابێ. مژاری یەکەم لەوانە نیە لە عێراقدا بێتە دی، هی دوهەمیشیان کاری نەکردو سێهەمەکەشیان رەنگبێ دە ساڵ بگرە زیاتریش بخایەنێ.

ئامریکاییەکان نرخی زۆریان لەبری ئەو هەڵانەی لە عێراقدا کردوویانە داوە، بەڵام نرخەکان بۆ هەمولایەک وەک یەک نەبوونە. مایەی ترسە کە کردەیەکی سەربازیانە ئەنجام بدەی بەباشی بڕواو سەرکەوتن بەدەست بهێنی. مایەی ژانیشە کەوا ببینی هاوڕێکانت لەشەڕێکدا لەناوبچنو لەلایەن سەرکردە ناوەخۆییەکان کار بگاتە سەر کاولکاری. ئاکاری ئەو پێکدادانە دیارکراوە هەزاران مەترسی بۆ ئێمە هێنا، لەنێویاندا چەندان هەزار(چ جەستە چ گیان)ی تێکشکاوی



ژنو پیاوانمان. ئەوەی(سەرۆکەکەی) پێش خۆت هەستی بە ئازارەکە کردبوو لەگەڵ قوربانیو کەسوکاریشیان نوێژی کرد، کەچی لەسایەی لێکدانەوە ساختەکەی خۆی پەلامارەکەی راستەوراست وێنا نەکردو گوایە: هێڕشەکە بۆ سەر تیرۆریزم بوو، کەچی تیرۆریزم بەهێزتر بوو؛ پەلامارەکە بۆ نمایشکردنی هێزی ئامریکا بوو کەچی سنوری هێزەکە بۆ هەمولایەکمان رون بووەوە؛ ئۆپەراسیۆنیک بەناوی دێموکراسیەوە کرا کەچی ناوناوبانگی باشی دیموکراسی لەبەین برد؛ دەرویەکی گەورە لەسەر توندڕەوی کە رادیکالەکانی ئێران بەباشی قۆستیانەوە، کرایەوە؛ لەسەروی هەموانیش تراژیدیایەکی دڕندانەی مرۆڤایەتی بوو.

مشوری ئەوە بخۆ کە سەربازە گەڕاوەکانمان پاکێتی تەواوی لەشساخیو مافەکانی جەنگاوەرە دێرینەکانیان بۆ مسۆگەر بێ. پێویستە پێشنیازی دوو کۆتەڵی یادەوەری (مۆنومێنت) بکەی: یەکیان لە ئامریکاو ئەوی دیکەشیان لەعێراق بێ بۆ یادکردنەوەی کوژراو بریندارەکان لە سوپاو مەدەنیەکان. لێگەڕێ با پیاوانی رۆحی چ بە ئینگلیزیو چ بە عەرەبی نوێژ بکەنو درود بخوێنن. کۆمەڵانی خەڵک بۆ یادکرنەوەو پرسەدان بگەیەننە یەک. نوێژ بۆ هۆشمەندی بکە کە خاکیبوون(تەوازوع) جێگەی فیزلی بگرێتەوەو بێدەنگیش رێز لەبەرامبەر راوێژی ئەو ئەفسەرە نەناسراوەی کەقسەی خواحافیزیانەی لەراژەی سەربازیانەی عیراقدا دەگوت، بنوێنە:

'گەر بێو ئێمە شتێک لە عێڕاقدا فێر ببین ئەوەhuichelarijیەکە ناکرێ بیرۆکەیەکی نوێ بەسەر کۆمەڵگایەکدا بسەپێنی[...] گرتنوبردنی دیل، گوانتانامۆ بێ و ئەبوغرێب بوونەتە هاوشانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا(یان حکومەتی ئامریکا) کە خۆیان

باوەڕیان بە هێزی بیرۆکەی خۆیان نەماوە. هەنوکە روی راستی فڕوفیشاڵەکانیان دەرکەوت، ئەوکەسانەی کە هزری ئامریکایان لەباوەشگرتو لەپێناویدا خەباتیان کرد[...] کەوتنە بەر پێی نەوەیەکی نوێی توندڕەوەکان.[...] ئەوەی تاکە هیوامە ئەوەیە لەدواییدا بۆشیو بەتاڵی ئەو ئەلتەرناتیڤەی بیرۆکەی ئامریکایی بوو. بەڵام تا خەتای ورەنەمانو شکستیان بخەنە ملی دوژمنی دوور، رەنگبێ لێشی دەربازببن. گەر هاتو ئێمە سەرلەنوێ بیرۆکەکەمان وەک بابوباپیرانمان بە بژاردەیەکی راست دەست پێیوەگرتبوو بیخەینەوە بەر تیشک، ئەوا بەبڕوای من بەسەر ئەوکۆسپو تەگەرانەی بەردەممان زاڵ دەبین. ئەوەش بەوە رونادا کە توندو تیژی لەعێراقدا زیادبکرێ هەرچەندە بەناوی ئازادیش بێ'.

لەسەروبەندی هەڵمەتی هەڵبژاردندا خۆتو بەربژارەکانی دیکە لەسەر ئەوە کۆک بوون کە بەچاوپۆشین لە ئەلقاعیدەو شکستی عێڕاق، عێران گەورەترین مەترسیە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا. بەشێکی زۆری ئەو مەزندەیەش لەسەر ئەوە بنیاتنراوە کە ئێران گوێ بە گوشاری نێودەوڵەتی ناداو پەیمانی خۆشی لەگەڵ IAEA دەشکێنێو چەکی ناوەکی دروست دەکا. ئێرانێکیش کە چەکی ناوەکی هەبوو ئەوا کەڵەکەبازی دیپلۆماتیانە دەکاو تەکنەلۆژیاکەی دەداتە گروپە تیرۆرستیەکان، بەمە هەرێمەکە پڕچەکتر دەکرێو یان هەوڵ دەدرێ ئیسڕائیل خاپور بکرێ.

کاتێکیش پرسیارت لێکرا لەبەرامبەردا چی دەکەی، ئەوا خۆتو بەربژارە کێبەرکێکارەکانت هەمان هەڵوێستتان گرتە بەر: ئامانجەکەی تۆ رون بوو بەڵام تارمایی بەسەر شێوازو ئامرازەکانی گەیشتنە مەبەستت هەیە. هیوات وایە ئێران لەڕێی تێکەڵەیەکی



دیپلۆماسیانەو سزاوە نەرم ببێ. بەڵی هەموان بەتۆیان گوتووە کەوا ئێرانێکی خاوەن چەکی ناوەکی پەسەند نیە، بۆیە دەبێ هەمو شێوازێک بەڕاشکاوانەش شێوازی هەڕەشەکردنی توندوتیژیانە بۆ روبەروبوونەوە لەبەردەستدابێ.

هەر لەوکاتەی هێڕش کرایە سەر عێڕاق جیهان ئەو پرسەی لەخۆ دەکرد گەلۆ ئاخۆ سەرۆک بوش ئێران ناچار دەکا حکومەتەکەی بگۆڕێ، یاخود رەنگبێ بەموشەکان توانا نوێیکانی ناوەکی ئێران تێکومەکان بدا. ئەو ئەگەرانە ئەوەم بەیاد دەهێننەوە کە بۆچی واشنتن ناسراوترین پایەتەختی دنیایە بە دەنگۆو بەندو باو. پارساڵ لە خەڵکانی باوەڕپێکراوم بیست، کەدەبوایە لەخۆیان زیاتر بۆ کەسی دیکەیان نەدرکاندبا کەوا بڕیار بۆ پەلاماردانی ئێران دراوە. بەگوێمیاندا چرپاند کە سەرۆک بوش ماوەی سەرەکایەتی خۆی بەبێ یەکلاکردنەوەی پرسی هێزی ناوەکی ئێران وازناهێنێ. ئایا بۆچی؟ پەندەکە لە رابردووەوەیە.

بنیامێن ناتانیاهوBenjamin Natanyahuو زۆر کەسانەی کە خەم لە پەیوەندی نێوان توانستی گومانلیکراوی ناوەکی ئێرانو قسەکانی مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکەکەیەتی کە هۆلۆکۆستومافی مانەوەی ئیسرائیلیش دەخاتە بەر گومان دەخوا. ناتانیاهو رایگەیاند: 'هەنوکە ساڵی 1938و ئیرانیش ئاڵمانە. ئێران لەهەوڵو تەقەللای ئەوەدایە بەلەز خۆی بە بۆمبی ناوەکی چەکدار بکا'.

بەگوێرەی ئەو لێکدانەوەیە ئەحمەدی نەژاد هیتلەری نوێیەو، ئەوانەش موی سەریان بۆ رێپێگرتنی ناجولێنن؛ ئیدی بۆ هەمیشە بەر نەفرەت دەکەون. سەرباری ئەوەش ئەوانەی دەڵێن واباشە لەگەڵ

ئەحمەدی نەژاد سەرڕاستانە قسە بکرێ، یان گوایە ئەو مەبەستی نیە قسەکانی بگەیەنێتە جێ، یاخود هەر هاوڵاتییەکانی ڕێگای ئەوەی پێ نادەن، هەمو ئەوانە لەو کەسە ساویلکانە دەچن کەکاتی خۆی باوەڕیان نەدەکرد کە نازیەکان گفتارەکانیان بکەنە کردار. لەوکاتەی هیتلەری دەسەڵاتخواز بانگی نەتەوایەتیو ڕەگەزایەتی دەکردو هەڵمەتی مۆرالی بۆ جۆشدەدا، ئەحمەدی نەژادیش خۆی وەک سەرکردەیەکی پەیامداری هەڵبژێردراو نیشان دەدا کە ئێران شەڕی پەرجوئاسا لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکا.

گەرهاتو تۆ لەگەڵ گریمانەکە کۆک بووی یا نەبووی، ئەو بەراوردکاریە گرنگە چونکە مژارەکانی تۆی پێوە کارانگاز دەبن. گەر هاتو بەڕاستی سەرکردەکانی ئێران بە نازیەکان لەیەکبچوێندرێن، هەرچۆنێک بێ دەبێ ڕابگیردرێن. گەر هاتوش لەناوخۆیاندا دابەش ببوون ئەوا دەکرێ تێکەڵاویەک لە جێژەر ودار کاریگەری هەبێ. بۆ بەرچاوڕونی، پێویستە لەسەر ئەو خاڵە بوەستی ئاخۆ تا کوێ دەڕوا. لەساڵەکانی پەنجاکاندا ستراتیژی ئامریکا ئەوەبوو کە مۆڵگەی هەرێمی بە پاڵپشتی دژە کۆمۆنیستەکان لەناوچەکەدا بەتایبەتیش لە شوێنیکی هەستیاری وەک کەنداوی فارسدا بنیات بنێ. ئێران کەلەسەر ئەو دوریانە بوو لەدەرگای روسیا بداو بە نەوتیش دەوڵەمەند بوو بۆ ئامریکا زۆر لەبار بوو. بەڵام هەروەک عێراق خەڵکی خۆجێی نیازنامەی خۆیان هەبوو، بەتایبەتیش ئەزمونی تراژیدیای ئیمپریالیانەی بەریتانیای گەورە کەسەرلەنوی ڕۆڵی شەڕانگێزیانەی خۆیان بگێڕن. بەریتانیایەکان لەسەرەتای سەدەی رابردوودا حیسابیان لەسەر ئەوەبوو خاوەنی گەورەترین کەشتیگەلی نەوتهەڵگر بنو بۆ جیهانی بگوازنەوە، تا ئەوکاتەی



لەنیوەی سەدەی رابردودا ڕاپەڕینو داوای خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی ئانگلۆ-ئێرانیان کرد. لەوەدا بەریتانییەکان پێی خۆشحاڵ نەبوون بۆیە داوای یارمەتیان لە ئامریکا کرد. ترومان Trumanرازی نەبوو خۆی تێهەڵقورتێنێ بەڵام ئایزنهاوەر Dwight Eisenhowerدوای ئەو لەخواخوای بوو. ئایزنهاوەر ریگەی بە سیا CIAدا سەرەکوەزیرانی هەڵبژێردراو لەسەر کار لابداو لەجێگەیدا موحەمەد رەزا پەهلەوی شا لەجێگەیدا بنێتەوە. چیرۆکە فەرمیەکەی سیا ئەوە بوو:" ئەوە رۆژێک بوو کە دەبووایە ئەبەدی بمێنێتەوە. ئەوکات زۆر بەپەرۆشو جۆشو خرۆشە بوون هەرگیز پێشتر وا نەبووە". پەهلەوی ملکەچی ڕێکەوتنە نوێکانی ئامریکاییو بەریتانیاکانی کۆمپانیای نەوت بوو. دواتر شا دەستی بە هاوچەرخکردنەوەی وڵاتەکەی کرد و پشتگیری زۆری لەجیهانی ئازاد بۆ مسۆگەر بوو- هەر چەندە واتای ئەوە نەبوو کە گەلی خۆی ئازاد بێ-.

شا یەکێک لەو سەرکردانە بوو پێی وابوو سەرداریێتی خۆی باشترین شتە بۆ گەلەکەی. بۆ ئەوەی وڵاتەکەی وەک سوپەر بەرامبەر کۆمۆنیزم راگرێ، دەبووایە پێگەی خۆی لەسەر تەختی شاهانە بپارێزێ. بۆئەوەی ئەو شتە بپارێزێ تەونی دەزگای زانیاریو ئاسایشپاریزی بێبەزەییانەی ڕاچاند کە دەبوایە هەمو سەرێکی ناڕەزاییی بکوتنەوە. بەداخەوە بەهۆی بڕوابوونی بەمافی لەسەر تەخت مانەوە دوژمنی تورەو سەرسەختو کەمتر دۆستی پەیدا کردن. یەکێک لەدوژمنەکانی ئایەتوڵا روحوڵا خومەینی بوو، کەلە تاراوگەدا سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی دینی دەکرد، سەرەتا شاو

هەواداره رۆژئاواییەکانی هەژاندو لەبار یەک هەڵوەشاند ئەنجا دایانڕسابیو دواتر رایماڵین.

خومەینی لە1979 دەسەڵاتی بەدەستهێنا، لەو سەرکردانە بوو کە بڕوای وابوو راڤەکردنەکانی خۆی بۆ راستیەکانی بێ سێودوولێکردن باشترینیانن. سێکولارو چاکەخوازان(ریفۆرمیستەکان) کەدژی شا بوون بە لاچوونی خۆشحاڵ بوون، بەڵام تێگەیشتن کە شوێنیان لە کۆماری ئیسلامی نوێدا نابێتەوە. خومەینی حکومتێکی دوسەرەی دامەزراند. یەکەمیان سەرۆکو پەرلەمانیکی دەسەڵات سنوردار لەروی دارایی‌و دەزگا میرییەکان پێکهینا. دوهەمیشیان زنجیرە ئەنجومەنێکی راویژکاری ئۆلیبانەی لەژێر سایەی رابەڕ کە بەرێکەوت هەر خۆی خومەینی بوو. خومەینیو شوێنهەڵگرەکەی ئایەتوڵا عەلی خامەنەیی لەوکاتەوە جڵەوی دەسەڵاتی ئاسایشپاریزی وڵاتیان لەناوەووە دەرەوەدا بەدەستە.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسایەی ئایەتوڵاکانەوە بە دەرەنجامی دژە ئامریکایی دەناسرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە شامان دامەزراندو پشتمان گرت، ئێرانیەکان وامان دەبینن کە میراتگرەوەی هەمو خەتاکانی بەریتانییەکانین لەرابردودا، ئێمە بە هاوکاری هەمو خراپیەکی شا دادەنێن، هەروەها ئێمە بەو کەسە دادەنێن کە ریگا بۆ خراپەکارییەکانی ئیسرائیل خۆش دەکا. سەرباری ئەوەش حکومەتی ریگان لەساڵەکانی هەشتادا لایەنی عێراقی گرت لە هێرشەکانی بۆ سەر ئێران، ئاگری شەڕێک کە یەک ملیۆن گیانی بووە سوتەمەنی. لە ساڵی 1989دا لەرودلویکی نائەنقەستدا مارینزی ئێمە لەکاتی مەشقەگەڕانی خۆیان لە کەنداوی فارسدا فڕۆکەیەکی



سەرنشینهەڵگری ئێرانیان خستە خوارەوەو هەمو سەرنشینەکانیشی تێدا چوون.

کاتێ ئەحمەدی نەژاد دادەڕسێتە سەرۆک بوش بۆ مشتومڕ لەگەڵ کردن و بەردەوام داوای موناقەشە دەکا، ئەوانە بابەتگەلێکن کەدەیەوێ تاوتوێیان بکا: شا، جەنگی هەشتاکان، خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنیو رەفتارکردن لەگەڵ فەلەستینییەکان. هەرچی سەبارەت بە پرسی ناوەکیش هەیە، ئەوە دێنێتە پێش کە مافی رەوای خۆیانە توانای ناوەکیان هەبێ بەمەرجێ بۆ کاروباری مەدەنی بێو لەژێر چاوەدێری IAEAدا بێ. گەر هاتو ئێمەش لەسەری ناڕازی بووینو گوتمان کەوا ئێران لەرابردودا پێشێلکاری کردووەو جێی متمانە نیە، پێمان دەڵێ ئێوە ساختەچیو دوو رون، ئەوەش بە روانینە جبەخانە قەبە ناوەکییەکەی ئێمەو رێگەدانمان بەئیسرائیل بەدور لە IAEA چەکی ناوەکیی خۆی دروست بکا. ئەوەی بە پرسەکەوە پەیوەستە ئایا هەنوکە کێ بەدکارە، ئەحمەدی نەژاد ئاماژە بەوە دەکا کە لە ئێرانی نوێدا بەپێچەوانەی ئیسرائیلو ئامریکا هەرگیز وڵاتی خەڵکی دیکەی داگیر نەکردووە.

سەرۆکی ئێران لەسۆنگەی بەڵێندان بە هەژارەکان هەڵبژێردرا، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو سەرۆکێکی شارەوانی کارامەو بەجەماوەری تاران بوو. مەیلی ئەو بۆ بردنە دەرەوەی دەمەتەقێیەکی نێونەتەوەییانە شێوازێک دەبێ لە بەلاڕێدابردنی سەرنجی خەڵک لەوەی ئەو چاوەڕوانکراوییەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا ختوکەدا بوو، نەیانگەیەنەتە جێ. دەرفەتی ئەوەی کە جارێکی دیکە هەڵبژێردرێتەوە(لە حوزەیرانی یەکەمین ساڵی فەرمانڕەواییت)لەسەر ئەوە بەندە تا چەند بە خەڵکی بسەلمێنێ کە

توانیویەتی ئێران لەبەرامبەر هەمواندا بپارێزی کەدەیانەویست پەندی پێدا بدەن. هەروەها لە قازانجی ئەودایە کە هەمو ئێرانییەکان لەو باوەڕەدابن کە وڵاتەکەیان مافی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکیی هەبێ.

گەر بێتو ئێرانیەکان بڕواننە دیرۆکی خۆیان، بە رونی چاخی گەشەداریان بەبیردا دێتەوە، ئەوسا چ سەبارەت جیهانگیری(لەژێر سایەی کێورس Cyrusو داریوشDarius) یان مەزنبوونی فەرهەنگی(گەشەکردنی ئیسلامی شیعەگەرێتی) بێ. ئێران ئێستا خۆی بە هێزو توانستێکی دادێ دەزانی. ئەو روانینەش بەدەسکەوتەکانی بەرهەمی نەوتو بەدیارییەکەی حکومەتی بوش بە هێرشکردنە سەر عێڕاق، بەوەی وڵاتە دراوسێکەیان بۆ یەکەمین جارە لەسەدەیەکدا بکەوێتە بن دەستی زۆرینەی شیعە(کەبەرێژەیی دۆستن) بەرجەستە دەبێ.

هەر لە شۆڕشی 1979 و کێشە جۆربەرجۆرەکانی بارمتەکان ئامریکا بێهودە لەهەولی دۆزینەوەی سەرکردەیەکی ئێرانی دەگەڕان کەبتوانن لەگەڵیان دیپلۆماسیانە بجولێنەوە. لە کاتی وەزیرایەتیەکەی من هیوام وابوو کاتی ئەوە هاتبێ. لە 1997دا دانیشتوانی ئێران سەرۆکێکی ریفۆرمخواز موحەممەد خاتەمیان هەڵبژارد کە بووە مایەی سەرسوڕمانی جیهان(بۆئێمەش چاوەڕواننەکراو بوو) بە بانگ هەڵدانی بۆ دەمەتەقێیەک(دیالۆگێک) هەروەها رێزی خۆشی بۆ هزرو شۆپی ئامریکاش راگەیاند. ئێمە پێشتر چەندان ئاماژەی ساختەی نەرمڕەوەکانمان لەنێو ئێرانەوە پێدرا، بەڵام هەرچی خاتەمی هێور بوو راستەوڕاستمان بۆهات. ئێمە



ئەو سەرنجەمان لاپەیدا بوو کە ئەو دەرگاکانی بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان کردوونەتەوەو چاوەڕوانی پەرچەکرداری ئێمە دەکا.

سەرۆکێکو وەزیرێکی کاروباری هەندەران دەرفەتی کەمیان هەییە تاکو مێژو بنوسنەوە، بەتایبەتیش لەڕێی چاککردنەوەی پەیوەندیە بایەخدارەکان. هەرچەندە هەستم دەکرد کە چەند بەشێکی دەزگا ئاسایشپارێزەکانی ئێران بێهودە دوژمنایەتیمان دەکەن، بەڵام هەر بە پەرۆش بووم بۆ شکاندنی بەستەڵەکەکە. من هیچ هۆیەکی بابەتیانەم نەدەدۆزیەوە کەوا بۆچی وڵاتەکانمان دژی یەکدین. ئێمە دوژمنی هاوبەشمان هەن، لەنێویاندا سەددام حوسێن، تالیبانو ئاودیوکەرانی ماددە سڕکارەکان(کەلەمەیاندا هێزەکانی ئاسایشپارێزی ئێران هێڕشی شێلگیرانەیان دەستپێکردووە). ئەز ددانی پێدادەنێم کە بە کلتورو گەلیان سەرسامم. من بەردەوام لە تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەبەردەم دیواری ئەو هۆڵەدا دەهاتمو دەچووم کە ئەودێرە شیعرەی سەعدی شیرازی فەیلەسوفی فارسی سەدەی سێزدەهەمی لەسەر بوو؛ ئاماژەی بەوە دەکرد کە هەموان کاتی ئەوانی دیکە ئازاریان دەبێ هاودەرد بن:' کەسێک نمونەی رەگەزی مرۆڤایەتییە'.

دوو جاران بە نێوەندبوونێکی دوو ساڵی، دوانی گرنگم سەبارەت بەئێرانەوە دا. لەهەردوکیاندا بانگهێشتینی بۆ ئێران تێدا بوو کەبەبێ مەرج بێتە سەر مێزی دانوستاندن بۆ قسە کردن لەسەر هەمو بابەتەکان. ئێمە لەڕێی باڵوێزی وڵاتێکی متمانەداری سێهەمەوە هەمان پەیامی هاوشێوەمان ناردووە. بۆ مایەی بێئومێدیەکی گەورەی من بانگهێشتنەکان رەتکرانەوە. گەر خاتەمی لەسەر هەقیش بووایە، پێدەچوو ئەو بوێریەی نەبووایە کە ئێران لەسەر هێڵی دژە

ئامریکایی لاببا. پەیامی نافەرمی ئێران هێشتا هەرئەوەیە کە دەڵێ: 'هێشتا حکومەتی ئامریکا ئەو ئامادەباشییە پێویستیەی بۆ دەمەتەقێیەکی فەرمیانە دەرنەبڕیوە'.

ئەوەش دەرفەتێکی لەدەست چوو بوو. دوای بەسەرچوونی ماوەی وەزیرایەتیەکەم، بەهەر حاڵ لە کەسی نێوانکارم بیستووە کەوا یەک دوو گەورەکاربەدەستی ئێران نیگەران بوون لەوەی بانگهێشتنامەکەی ئامریکایان پەسەند نەکردووە. دەرس بۆ تۆ ئەوەیە کە ئێران بەزیاتر لەدەنگێک قسان دەکا. هەروەک قسەکانی خاتەمی کە واتایەکی کەمی دیپلۆماسیانەیان دەگەیاند، ئاوەهاش رەنگبێ ئەحمەدی نەژاد هەر لەجیاتی خۆی قسان بکا. هەرچۆنێک بی ئەو دەربڕی هەمو ئێران نییە، هەروەها تێژبینیو روناکبیری گەلی ئێران لە قسەکانی ئەحمەدی نەژاد ناناسینەوە.

خاڵی هەرەگرنگ لە دوانەکەم لە زانکۆی جۆرجتاون Georgetown رۆڵگۆڕینەوە بوو، بەوەی ئەودەرفەتە بە خوێندکارەکان بدرێ بچنە ژێر پێستی ئەندامانی حکومەتو بیر بکەنەوە ئاخۆ گەلۆ سەبارەت بەو قەیرانە چی بکرێ باشە. خاڵی هەرە گرینگیش ئەوە بوو کەمنیش رۆڵی سەرۆکی ئامریکام وازی دەکرد. مژاریش قەیرانە زیندووەکەی ساڵەکانی رابردووی ئێران بوو. داوام لە خوێندکارەکان کرد خاڵە ئەرێنیو نەرێییەکانی پەلاماری سەربازیانەم لەچەند سینارۆیەکدا بۆ دەستنیشان بکەن، لەنێویاندا نقومبوونی کەشتیگەلی ئامریکایی لەکەنداوی فارسداو پەلاماردانی ئیسرائیلو ئامریکا لەلایەن تیرۆرستانی پشت بەئێران بەستوو. قسەمان لەسەر رەنگدانەوەی بەرنامەی چەکی ناوەکی ئێران کرد بەوەی ئایا : سزای ئابوری یان موشەکی دورهاویژ. گفتوگۆکانمان



زۆر توند بوونو نوێنەرانی ئامریکاو ئێران جاری وا هەبوو لەنێوخۆشیاندا یەکانگیر نەدەبوون. ئەز وەک سەرۆکیکی رۆڵدیدە لەژێر کاریگەری ئەو جیاوازیە مەزنەی گفتوگۆکاندا بووم. لەیەکێ لەپشوەکانی هەفتە ئەو خوێندکارەی رۆڵی وەزیری کاروباری دەرەوەی دەگێرا لە شەممەیەکدا بەباوەڕبەخۆبوونو متمانەریدا پێدەچوو بەرسڤی هەموو پرسەکانی لابێ. خوێندکاری دوهەم لەهەمان رۆڵدا لە یەکشەمەدا هیچ دڵنیا نەبوو بۆیە بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستی ئامادە نەبوو هێڵی هیچ دەرەنجامێک بکێشێ. یەکەمیان دەکرا دەستەکەمان بۆ هەمولایەک ببا، دوهەمیشیان بۆ هیچ لایەک، ئەرێ باشە لێردەدا کامەیان لەراستیەوە نزیک بوو؟

رۆڵبینین خۆشە، چونکە تاکە سەرچڵی ئەوەیە کە نمرەی خراپ وەردەگری(لە ماوەی وانەکەشمدا نمرەکە 7 بوو). بەڵام ئەوەی لە Situation Roomی کۆشکی سپی لەبن هەیوانی کۆنفرانس لەباری قەیراندا دەقاودەق کاروبارێکە پەیوەندی بەژیانو مەرگەوە هەیە. ئەو شانسە زۆرە کەلەماوەی سەرەکایەتیدا زۆر جاران ناوی لێهەڵبژاردنی توندوتیژی دژی ئێران بێ، بەتایبەتیش گەر هاتو ئێران ملی نەدایە گوشاری نێودەوڵەتیو وازیشی لەمافبەخۆدانی پیتاندنی یۆرانیۆم نەهێنا.

بەچاوپۆشین لەوەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا گوتووتە، پێویستە خۆپارێزبی بەرامبەر دەست بۆ توندوتیژی بردن. چونکە خەڵکانێکی زۆر لە ئێمە تورەنو متمانەمان پێناکەن، دەکارن دەرەنجامە نەرێیەکانی پەلاماری ئامریکا بۆسەر ئێران بێجگە لە لەسەرخۆکردنەوەیەکی راشکاوانە، قەبە بکرێ. لەیەکەمەوە گەر

وابکرێ ئەوا دەبێ پرسی ئاشتبوونەوە لەگەڵ گەلی ئێران لەبیر خۆمان بەرینەوە. زۆریان رکیان لەحکومەتەکەی خۆیان دەبێتەوەو خوازیاری پەیوەندییەکی باشترن لەگەڵ ئێمەدا. خاڵی دوهەم ئەوەیە کەوا ئێمە کەم یان هیچ پشتگیریەکی دیپلۆماتیانە بەدەست ناهێنین مەگەر نەسەلمێنن کەبەڕاستی ئێران چەکی ناوەکی بەرهەم دەهێنێ. بەهۆی شکستە گەورەکەمان لەکۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر عێراق پرسی سەلماندن، گران لەسەرمان دەوەستێ. سێهەمیش گەر ئێمە پەلاماری ئێران بدەین ئەوا هیچ هیوایەکمان بە عێراق نامێنێ. عێراقییە شیعیەکان ئەوکات هێزەکانمان لەعیراق وەدەردەنێن، رەنگبێ هەمان کاریش لەگەڵ دیپلۆماتەکانمان بکەن. چوارەمیشیان ئامانجگەلێکیی بێژمار لە ئێراندا هەن وهەندێکیشیان لە شوێنی پڕ دانیشتوان دان. لە هەر کردەیەکی سەربازیدا رەنگبێ قوربانی بێتاوانی زۆری لێبکەوێتەوە. پێنجەمیش ئێران لەرێگەی کردەی تیرۆرستیەوە تۆڵەمان لێدەکاتەوە. گەر هاتو ئێمە پەلامارێکی سەربازیانە ئەنجام بدەین، خەڵکی هەرێمەکە بەسەدان ساڵ بەرگری دەکەن. ئەنجا دەبێ تەواوی سەدەکە چاوەڕوانی دژە پەلامار بین.

لەکۆتاییدا رەنگبێ مژاری توندو تیژی هەر بەلاوە نەنرێندری، کەواتە پێویستیە مشوری پلانی کارەسات کەوتنەوەت لەبەرچاو ون نەبێو رۆژەف رایانگرێ. ئامادەباش بە بۆ هەندێ روداوی ناخۆشی لەوجۆرە لەکەنداوی فارس. هەرچەندە روبەرێکی بچوکی زەریاشە، بەڵام کەشتیە جەنگییەکان گەورەن، گرژیەکانیش لەدەست دەردەچنو هەڵەش لەگوینە بکرێ. گەرهاتو خەتا لە ئامریکا بوو، ئەوا هەرگیز ناتوانی بڕوا بەئێران و ئەوانی دیکەش بهێنی، زۆریش بەزەحمەت دەکەوێ تا بڵێی ئێمە نەمان ویستووە ببینە مایەی



تەنینەوەی توندو تیژی. گەر هاتو خەتاش لە ئێرانەوە بوو، ئەوا دەکەویە بەر گوشارێکی گەورەی نێوەخۆ بۆ وەشاندنەوەی زەبری گورچکبڕ، نەخاسمە گەر ژیانی ئامریکاییەکانی بۆ بووبنە قوربانی.

ئەگەرێکی دیکەی کارەساتئامێز هاتنەپێشی پاسدارانی شۆڕشی ئێرانینIRGکە سوپایەکی هەڵسوڕاوی سەربەخۆن. پاسدارن کەمێک دوای شۆڕشی 1979 بۆ لەناوبردنی دژە رژێم دامەزرێندرا. هەرچەندە لەڕوی تیۆریەوە کەوتونەتە ژێر فەرماندەیی فەرماندەی باڵا، بەڵام تادێ پاسداران سەربەخۆ دەجوڵێنەوە. ئەوان لەروی ئایدۆلۆژیاوە توندڕەو، پەلاماردەرو بەتەماع. ئەوانیش هەروەک لەشکر لە وڵاتەکانی چینو پاکستان لەڕێی گرێبەستەکانیان لەگەڵ دامودەزگاکانی میری خزمەتگوزاری ئاسایشیان بەسەردا دەسەلمێنن، مەیلیان بەقاچاخچێتیو شت ئاودیوکردن هەیەو ئامادەشن چەک بفرۆشنە هەرکەسێک بیەوێ، ئەوسا بەلای حکومەتە مەدەنیەکە پەسەند بێ یان نەبێ. هەروەها سوپای پاسداران بەوەش تاوانبارن کە مەشقی چەکداران دەدەن تا پەلاماری لەشکری ئامریکا لە عێراقو ئەفغانستان بدەن. گەر هاتو سوپای پاسداران لایەنگری ئەحمەدی نەژاد(کۆنە ئەندامی خۆیان)یان گرتو بەدوایدا نەیارەکانیان لە دەسەڵات شکاندو لەناویان بردن یان تەنگەتاویان کردن ئەوا هیچ گومانێک نامێنێتەوە کەوا ئێران نایەوێ لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێتە رایێ. لەراستیدا داڕسانەکانی سوپای پاسداران بۆ دنەدانی تێکهەڵچوونی سەربازیانەی نێوان هەردوو وڵات بەقەدەر چالاکییە ناوەکییەکانی ئێران کاریگەرە.

هەرچۆنێک بێ ئێران لێتناگەرێ دەستەوەستان دابنیشی. من وا چاوەڕوان دەکەم گەر هاتو تۆ ئۆقرەگرو تاڕادەیەک نەرمکێش بی،

لە کاتی ماوەی سەرۆکایەتیەکە ناتگەیەنێتە باری تەقینەوەی روبەڕو. هەرچەندە ئێران لەجاران بەهێزترە، بەڵام ئەو هۆو ئامرازانەی نین لەدەرەوەی هەرێمی خۆی رۆڵی کارای پێبگێڕێ. ئێران داهاتی نەوتی هەیە، بەڵام ئەو داهاتەیان لەکەمی دەدا چونکە پێداویستی ناوەخۆی زیاد دەکا. بەهۆی کورتهێنانی پاڵاوگەکانی ئێران ناچارە 40%ی بەنیزینی لەدەرەوە بهێنی و لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا سوتەمەنی بۆ بەکاربەرانی کۆپۆن کراوە. وڵاتەکە یارمەتی تەکنەلۆژیای پێویستە ئەوەش دەکەوێتە سەر نیازپاکی ئەوانی دیکە.

هەروەها هۆکاری کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسیو سەربازیانەش هەن کە هێزی ئێران سنوردار دەکەن. دیارە هەلومەرجێکی زۆر ناوازەیە وڵاتێکی فارس دەسەڵاتی لەهەرێمێک بڕوا کە لە وڵاتەکانی جو، تورکو چەندان دەوڵەتی عارەبی پێک هاتووە. تەنانەت هاوپەیمانەکانی ئێرانیش لە عێراقو لوبنان پێویستە خۆیان بگونجێننو نابێ وەک بڵندگۆی تاران تەماشا بکرێن.

ئەو سنورانە رەنگبێ بۆ ئێران جێی بایەخ نەبێ وەک هەندێک بڕوایان پێ هەیە، کاتێ ئێران بیەوێ لەسەر بنەمای پەیامی دینیی ئیسرائیل خاپور بکاو مێژوی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە کۆتاییەکی شوم. هەڵبەتە ئێمە دەبێ بێدار بین، بەڵام دەبێ سەرەک ئەحمەدی نەژادیش بخەینە گۆشەنیگای راستەوە. ئەو وا رەفتار لەگەڵ بەرنامە ناوەکیەکەی وڵاتەکەی دەکا وەک خۆشەویسترین گەمەی، بەڵام ئەو هیچ رۆڵێکی لە بیناکردنیدا نەبووە. هەوڵی ئێران بۆ بەدەستهێنانی وزەی ناوەکی بۆ سەردەمی شا و باوەشی ئامریکا بۆ بەرنامەی ئاشتیانەی ناوەکی دەگەڕێتەوە. سەرباری ئەوەش ئەحمەدی نەژاد



دەسەڵاتی بڕیاردانی بەسەر سیاسەتی وزەی ناوەکیدا ناشکێ، چونکە دەسەڵاتەکە بۆ ڕابەر ئایەتوڵلا خامنەئی و چەند راویژکارێکی کەمی دەگەڕێتەوە. خامنەیی کەدەکرێ وەک توندڕەوێکی خۆپارێزی تایبەتمەند وێنا بکرێ، لەوانەیە هەوڵبدا رێگای ناوەراست لەنێوان بەئاشکرا ملدان بە گوشاری دەرەکیو لێگەران لەتەقینەوەی قەیرانە بەرفراوانەکە بگرێتە بەر. پێناچی ئێران لەژێر گوشاری سزای ئابوری نێودەوڵەتیانە مل کەچ بکا، بەڵام سەرکردە ئێرانییەکان رەنگبێ ئامادەبن مساوەمەیەکی بەئاگایانە بپەژرێنن.

ئەوە دەکەوێتەوە سەر شانی سەرکردەکانی ئێران پلانی هاوبەشیان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانیان هەبێ، یان لەچاوی – تەما، تۆڵە، ئایدۆلۆژیاو تۆقاندن– بەدوای ستراتیژی زیاتری پەلاماردانداا بگەڕێن. حکومەتەکەی تۆ دەتوانێ رێگە خۆشکا بەوەی حکومەتی ئێران بهێنێتە سەر ئەوبڕوایە کە تۆ بەدوای ئامانجی ئاشتیانەدا دەگەڕێی، هەروەها ئێران مافی رەوای خۆیەتی بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ، هەروەها ئێمە نامانەوێ توندوتیژی بۆ گۆڕانی سیستمی فەرمانڕەوایی لەئێران بەکاربهێنین. ئێمە پێویستە بۆ تاوتوێکردنێکی دیپلۆماتیانە سەبارەت هەمو مژارەکان کە جۆراوجۆرن هەر لە پرسی هەراسانکەریان کە بۆتە مایەی نیگەرانیمان سەبارەت بە دەستهەبوونیان لە توندوتیژیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا چالاکییەکانی IRGپرسی ناوەکی ئامادەبین. بۆ باشتر بوونی بارەکە پێویستە بە پێی رێسای جێگیرو متمانەبەخش پەیوەندی لەگەڵ یەکدیدا بکەین. دانیشتنی گەورەی جاڕدراو دەبنە مایەی دنەدانی چاوەڕوانی گەورەو واش لەلایەنەکان دەکا بەئاسانی لەبەرچاوی جەماوەرەکەیان دەستکەوت بەدەست

بهێنن. تۆ وەک دیارکەری ستراتیژی نابێ ئەوەت لەیاد بچێ، هەنگاوێک لە پەیماننامەیەک دەربارەی ململانێی ناوەکیی نزیک دەکەویەوە کاتێ هەردولا توانیان بڵێن کەوا هەڵویستە چارەنوسازەکانیان بە دروستی دەستنیشان کردوون. هەڵوێستی بنەڕەتی ئێمە ئەوەیە کەوا ئێران بەتەواوی دەست لەچەکی ناوەکیی هەڵگرێ. ئێمە بەو مەرجە دەگەینە ئامانجەکەمان کە پەیماننامەیەک واژۆ بکرێو تیایدا ئێرانیش ئابڕوی لەدەست نەدا.

خاڵی وەرچەرخان ئەوکاتە دێتە پێش کاتێ ئێران پشکنێرەکانی IAEAوڵاتبەدەر بکاو بەڵگەی تەواوی پەیوەست بەچالاکی چەکی ناوەکییە لەسەر بگیرێ . تا ئێستا ئەو بارە نەهاتۆتە پێش. خاڵێکی دیکەی دوڕیانو هەرە گرنگ ئەوەیە ئێران کردەی تیرۆرستی لە نێو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکادا بکا یان لەپشتیەوەی بێ. هەر سیناریۆیەک بێتە پێش، ئێمە ئەوکات کە هەر هەنگاوێکمان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمادا بێ بەوەش دەوڵەتە گەورەکانی دیکە زانیان کە ئێمە هەمو دەرفەتێکمان بەرامبەر ئێران قۆستۆتەوە تاکو کێشەکان بێتوندو تیژی چارەسەر بکرێن، بەهێزتر دەبین. ئەوە هەر زۆر گرنگە کە بنەمای هەر کردەیەکمان لەسەر راستی بنیات بنرێ: نمونەی عێراقێک بەسە. ئاشکراشە ئەوەش لە پرسەکە دەگۆڕێ کاتێ ئێمە راشکاوانە نیشان بدەین کەوا بەدوای چارەسەرێکی پەسەندو گونجاو بۆ کێشە ژانهێنەرەکەی نێوان عەڕبانو ئیسرائیلیەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا دەگەڕێین.

**تێبینی:**

**1- من هێڵم بەبن هەندێ رستەدا هێناوە بۆ زیتر لێوردبوونەوە(وەرگێڕ)**



**2-نوسینەکە بەشی 12هەمی (لاپەڕی 205تا226) کتێبەکەی خوارەوەیە.**

**سەرچاوە:**

Madeleine Albright

Memo aan de nieuwe President**(یاداشرێک بۆ سەرۆکی دادێ)**

Vertaling :Bep Fontijn

Ambo–Manteau , Amsterdam 2007